تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

چاپی دووەم

قازی موحەمەد

حەمید رەزا جەلالی پوور

وەرگێران ولێکدانەوەی:
ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی

قازی محەممەد

(کوردستان لە ساڵەکانی ١٩٤٦-١٩٤١)

حەمیدرەزا جەلائی‌پور

وەرگێڕانی لە فارسی‌یەوە: ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی

١٣٨٤ هەتاوی

٢٠٠٦ زایینی

جلائی‌پور، حمیدرضا، ۱۳۳۶-
قازی محەممەد(کوردستان لە سالەکانی ۱۹۴۶-۱۹۴۱)/ حەمیدرەزا جەلائی‌پور،
وەرگیرانی لە فارسی‌یەوە: ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی.- تهران: توکلی، ۱۳۸۴.
۲۱۱ص.
ISBN ۹۶۴-۵۸۲۱-۲۸-۲

کردی سورانی.
فهرست نویسی بر اساس اطلاعات فیپا.
عنوان اصلی: قاضی محمد(کردستان در سالهای ۱۳۲۰ تا ۱۳۲۴).
کتابنامه: ص.۸۹-۹۰.
۱.جمهوری مهاباد ۱۳۲۵-. ۲. قاضی محمد ۱۲۷۹-۱۳۲۶. ۳. کردستان -- تاریخ -- ۱۳۲۰-۱۳۲۶. ۴. مهاباد -- تاریخ. ۵. حزب دمکرات کردستان (ایران). الف. ورتی، ابراهیم، مترجم. ب. عنوان. ج. عنوان: قاضی محمد (کردستان در سالهای ۱۳۲۰ تا ۱۳۲۴). کردی
DSR ۱۵۱۲/ج۸ق۲۰۴۷ ۹۵۵/۰۸۲۴۰۴۵
۱۳۸۴
کتابخانه ملی ایران م۸۲-۳۰۴۸۰

TAVAKOLI
PUBLICATONS

قازی محەممەد (کوردستان لە ساڵەکانی ١٩٤٦-١٩٤١)

نووسەر: حەمیدرەزا جەلائی‌پور

وەرگێڕ: ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی

چاپی: دووهەم- ١٣٨٤ هەتاوی (٢٠٠٦ز)

لیتوگرافی: نوقرە ثابی

تیراژ: ٢٠٠٠

پیت‌چین: شایێر

ناشر: تەوەکولی

تلفاکس: ٦٦٤١١٢٧٦-٠٢١- تاران

ISNB ٩٦٤-٥٨٢١-٢٨-٢ شابەک: ٢-٢٨-٥٨٢١-٩٦٤

ناوەڕۆک

بابەت .... لاپەڕە

پێشەکی وەرگێڕ ٧

پێشەکی نووسەر ١١

بەشی یەکەم

مەسەلە گشتییەکان

١- خستنەڕووی بابەتەکە ١٥

٢- ئامانجە گشتی و بابەتیەکان ١٩

٣- مەبەست لەم خوێندنەوەیە ٢٠

٤- شێوازی لێکۆڵینەوەکە ٢١

٥- دۆخی کاتی و شوێنی ڕووداوەکان ٢١

٦-پۆلێن کردنی بابەتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ٢٢

بابەت .... لاپەڕە

بەشی دووەم
قازی محەممەد و بارودۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتی مەهاباد

١- تایبەتمەندییەکانی ڕووداوە سیاسیەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ٢٥
٢- مەوقیعیەتی مەهاباد ٢٦
٣- قازی محەممەد لە ساڵەکانی ١٣٢٠(١٩٤١ز)
(یاخود قازی محەممەد چۆن بوو بە پێشەوا؟!) ٢٨
٤- کۆمەڵەی ژێ،کاف و جەرەیانی سیاسی- ڕۆشنبیری لەتەک جووڵانەوەی قازی محەممەددا ٣٢
پێوەندی کۆمەڵەی ژێ،کاف بە قازی محەممەدەوە ٣٦

بەشی سێیەم
قازی محەممەد و پێکهێنانی حیزبی دیموکرات وکۆماری خودموختاری مەهاباد

١- سەفەری یەکەم بۆ سۆڤیەت ٤١
٢- سەفەری دووەم بۆ سۆڤیەت ٤٢
٣- پێکهێنانی حیزبی دیموکرات ٤٣

بابەت .... لاپەرە

٤- پێکهێنانی کۆماری خودموختاری کوردستان ٤٥
٥-دەرچوونی سوپای سۆڤیەت و ڕووخانی کۆماری خودموختاری
کوردستان ٤٦

بەشی چوارەم

ئەنجام گیریی

١- ئامانجی سۆڤیەت لە سەفەرەکان وپشتیوانی کردن لە هەوڵەکانی قازی
محەممەد ٥٣

٢- تەفسیر و لێکدانەوەی نادیار و یەک لایەنە لە بارەی قازی محەممەد و
چۆنیەتی پێکهاتنی حیزبی دیموکرات و کۆماری خودموختاری مەهاباد ٥٥
پەراوێزەکان ٥٧
سەرچاوەکان و بەڵگەنامەکان ٨٧
شوێنەکان ٩١
ناوەکان ٩٧

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی وەرگێڕ

کێشەی گەلی کورد وەک کێشەیەکی نەتەوەیی بۆ سالآنی شەڕی یەکەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، ئەوەبوو لەگەڵ تەواوبوونی شەڕی یەکەم و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی بیرۆکەی دروست کردنی دەوڵەتی کوردی و قەوارەی سەربەخۆ سەری هەڵدا...چونکە گەلانی‌تری دەوڵەتی عوسمانی و بەتایبەتی میللەتانی دەورو بەرو هاوسنووری کورد ماڵی خۆیان جیاکردەوەو کوردیش بە مافی رەواو سروشتی خۆی زانی کەداوای ماڵجیایی بکات.پەیمانی سیڤەریش لە سالی (١٩٢٠ز)لەمادەی(٦٢)ی خۆیدا توانی مافە سیاسیەکانی کورد بسەلمێنێ و بەرەسمی‌دانی پێ‌دابنێ، بەمەش دەرفەتێکی لەبار بۆ کورد هاتە پێشەوە کەئەویش وەکو گەلانی‌تری ناوچەکە خاوەن حکومەت‌و کیانی خۆی بێت.

بەلآم پەیمانی(لۆزان) لە سالی (١٩٢٣ز)دا خەون‌و خولیای کوردی بەدروست‌کردنی کیانی خۆی خنکاندو لەسەر حیسابی کورد دانی‌نا بە حکومەتی تازەی کەمالیەکان لە تورکیادا.

بەلآم کورد بۆ وەدەست هێنانی مافی رەوای خۆی و بۆئەوەی ئەویش وەک هەر گەلێکی‌تری برای خۆی بەئازادی و دوور لە جەورو ستەم‌و چەوسانەوە

لەناوچەکەدا ژیان بەرێتەسەرو ماف‌و کەسایەتی پێشێل نەکرێت، لەهەوڵ و خەبات و تێکۆشانیدا هەر بەردەوام بووە و نەوەستاوە.

کورد لە شۆڕش‌و راپەرینەکانی خۆیدا دژی زوڵم‌و زۆری و پێشێلکاری مافەکانی جەنگاوەو بۆ داکۆکیکردن لەسەر بوون‌و مانەوەی خۆی، بەگژ رژێمە ملهۆڕەکاندا چۆتەوە، نەک شۆڕشەکانی لەسەر حساب‌و دژ بە بەرژەوەندیەکانی گەلانی‌تر بوو‌بێت.

بەڵام بەداخەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت مامەڵەیەکی مەعقول‌و مەنتیقی‌یانە لەگەڵ کێشەی کورددا نەکراوەو هەمیشە شۆڕش‌و راپەرینەکانی کورد بەزەبری ئاگروئاسن وەڵام دراونەتەوە؛ هەر بۆیە ئێستا لەگەڵ پێنانە هەزارەی سێیەمی مرۆڤایەتی‌و سەردەمی بە ئیستیلاح مافی مرۆڤ‌و گەلان، کەچی هێشتا ئەو کێشەیە هەر باقی‌یەو بەچارەسەر نەکراوی ماوەتەوە.. شۆڕش‌و راپەرینەکانیش گەلێ زۆرن؛ لەوانە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران‌و شێخ مەحموودو قازی محەممەدو بارزان‌و... هتد. کە هەندێکیان تا ئاستی حوکمڕانی‌وحوکمەت رۆیشتوون وەک حوکمەتی مەلیک مەحموود لە سلێمانی لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا، وە حکومەتی قازی محەممەد، واتە کۆماری کوردستان لە مەهاباد-کە بابەتی ئەم کتێبەی بەردەستە.

کۆماری کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات(ئێران)دا، لە ساتەوەختێکی پڕ لەجەنجاڵی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی هاتە ئاراوە، ئەو شەڕەی کە چەندین کارەسات‌و مەرگەساتی گەورەو بەڵاو نەهامەتی بۆ گەلان بەدواوە بوو، لەهەمان کاتا لێرەو لەوێ چەند هەل‌و مەرجێکی گونجاویشی بۆ گەلانی ژێر دەستە رەخساند کەیەکێک لەوان گەلی کورد بوو کە توانی ئەو کۆمارە

رابگەیەنێو بۆیەکەم جار ئاڵای کوردستانی بەسەردا بەرز بکاتـەوە، کـەدووەمـین ئەزموونی حوکمڕانی کوردی بوو لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمـی رابـردوودا دوای ئەزموونی شێخ مەحموودی حەفید؛ راستە هاوکات لەگەڵ ویسـتی کـورددا هۆکاری دەرەکیش کاریگەر بوو لەمەیدانەکەدا، بەڵام لەگـەڵ ئـەمـەشـا و وێـڕای تەمەنی کورتی کۆمار، دەربڕی چەوساوەیی‌و خەباتی دوورو درێژی گەلی کـوردە لەرێی گەیشتن بەمافی رەواو نەتەوەیی خۆی و بایەخێکی مێژوویی زۆری هەیە بۆ کـورد و پێویسـتە وەک ئـەزمـوونێکی مێژوویـی سـوودی لـێ وەربگیرێـت‌و فەرامۆش نەکرێت لەلایەن رۆڵەکانی ئەم گەلەوەو شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی وردو بابەتیانە لەسەر جۆرو چۆنیەتی دامەزراندنی کۆمارەکەو تەمەنی‌و دەسکەوتەکانی‌و هۆکارەکانی رووخانی‌و هەروەها بایەخی مێژوویی‌و پەندو وانەکانی‌و کەسـایەتـی قازی محەممەد... بکرێت.

بێگومان کۆماری مەهاباد خاوەنـی کۆمـەڵـێک تایبـەتمـەنـدی مێژوویـی و دیاردەی سەردەمی خۆی بوو لەرووی فیکری‌و هۆشـیاری وەک(هـەل‌و مـەرج‌و زەمینەی دامەزراندنی‌و بەشداری‌کردنی زۆربـەی چـین‌و تـوێژەکـانی کوردسـتان لەوانەش زانایانی ئایینی‌و هاوبەشی و بەشداری‌کردنی کوردی پارچەکانی‌تر وەک کوردی کوردستانی عێراق‌و بارزانیەکان، وەپشت بەستن بە بێگانەو چەندەهای‌تر.

پێویستە لە هەمـوو ئـەو لایـەنانـەو رووداوەکـانی بـەگشـتی بکۆڵـرێتـەوە و توێژینەوە و شیکردنەوەی ورد و قووڵی لەسەر بکرێت و بکرێنە پـەنـد و وانـەی هۆشیاری بۆ رۆڵەکانی داهاتوو، چونکە ئەمە مەسەلەیەکـە پێـوەنـدی بـەملیۆنـان مرۆڤەوە هەیە نەک بەشارێک و ناوچەیەکی دیاریکراو.

هەڵبەتە زۆر لێکۆڵینەوەو توێژینـەوەی جـۆراوجـۆر لـەمـەڕ ئـەو کۆمـارەوە لەکۆن‌و نوێ‌دا ئەنجام دراون و لەزۆر گۆشەنیگای جیاوازەوە لـەلایـەن بێگانـە و

غەیرە کوردەوە شت نووسراوە، پێویستە ئەو نووسین و توێژینەوانەش سوودیان لێ وەربگیرێت و بۆسەر زمانی زگماکی وەربگێڕدرێن، بەمەش مێژووی کورد زیاتر دەوڵەمەند و پڕ بایەختر دەبێتو تەنها لە بازنەیەکی بەرتەسکیان داخراودا نامێنێتەوە.

یەکێک لەو نووسینانەی لە مەڕ ئەم کۆمارە و قازی محەممەدەوە نووسراوە، ئەم کتێبەی بەردەستە کە(حەمیدرەزا جەلائیپور)بەزمانی فارسی و بەناوی(قاضی محمد،کردستان در سالهای ۱۳۲۰تا۱۳۲۴) نووسیویەتی.

ئێمەش لەڕێی وەرگێڕانی ئەم بەرهەمەوە هیوا خوازین خزمەتێکمان بەو بوارە کردبێت و کەلێنێکیش لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ بکاتەوە، گەرچی مەرجیش نییە لەگەڵ هەموو راو بۆچوونەکانی نووسەردا بین، بەڵام وەک ئەمانەتێکی زانستی بێدەستکاری وەرمان گێڕاوە و گەر بەپێویستمان زانیبێت لەهەندێک شوێنا تێبینیو سەرنجی خۆمان دەربڕیوەو لەپەراوێزدا ئاماژەمان پێکردووە، هەروەهاساڵی زایینیمان لەبەرامبەر ساڵی کۆچی هەتاویدا داناوە.بەهیوای سوودی پێویست.

ئەحمەد وەرتی

هەولێر

۲۰۰۱/٤/۱۲ز

پێشەکی نووسەر

ئەم لێکۆڵینەوەیە و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کەپەیوەنـدی بـە مێـژووی سیاسـی کوردستانەوە هەیە، ئەنجامی ئەو بینین و توێژینەوانەی بەندەیـە بـە درێژایـی ئـەو چوار ساڵەی مانەوەم لە شاری مەهاباددا، کـە هـەوڵـمداوە ئـەو بابـەتوبینینانـەم لەچوارچێوەی ئەم نووسینەدا کۆبکەمەوە.

لە کۆکردنەوەی ئەم نووسینەدا سوودێکی گـەلێـک زۆرم لـە ڕێنماییـەکـانی مامۆستای بەڕێز جـەنـابی دکتـۆر تاڵـب سـەرۆکـی دەسـتەی هاریکـاری(گـروە تعاونی)کۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتیـەکـانی زانکـۆی تـاران، وەرگرتـووە، چونکـە بەڕێزیان جارێـک کۆنووسـی ئـەم نووسـینەیـان زۆر بـە دیقـەتو ئـارامییـەوە خوێندەوەو چەند ڕەخنەو سەرنجو ڕێنمایی بنەڕەتیو بنیاتنەرانەیان پێشـنیار کـرد، منیش هەوڵم داوە لە کۆکردنـەوەی ئـەم نووسـینەدا بـەکاریـان بێـنم و کـەڵـکیان لێوەربگرم و ڕەچاویان بکەم.

بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانم لەناخی دڵمەوە سوپاسی بەڕێزیان بکەم.

حەمیدرەزا جەلائیپور

١٣٦٧/٨/٢٠ هەتاوی

بەشی یەکەم

مەسەلە گشتییەکان

١- خستنەرووی بابەتەکە

هەوڵ دەدەم بابەتی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەم دوو خاڵەی خوارەوەدا ڕوون بکەمەوە:

یەکەم/ لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی(١٩٤٦ز) لە شاری مەهاباد، کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستان بە ڕێبەرایەتی قازی محەممەد پێک‌هات و بەشی باکوری ناوچە کوردنشینەکانی لە خۆگرت و دوای یازدە مانگ لەگەڵ هاتنی سوپای دەوڵەتی ئێران بۆ باکوری خۆرئاوای ئێران، سەرانی ئەو کۆمارە دەستگیر کران و ڕێبەرەکەی پاش سێ مانگ لە گیرانی، حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو و لە هەمان جێگادا کە کۆمارەکەی لێ ڕاگەیاندبوو لە سێدارە درا.

لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی مێژووی سەد ساڵە ی ئێراندا، مێژوو نووسان، شوێنێکی تایبەتیان بۆ ئەم ڕووداوە دانەناوە، بەڵکو بە زۆری لە تەک ڕووداوەکانی ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتدا هێناویانەتە بەر باس‌وخواس و بە کورتی یادیان کردۆتەوە و لێی دواون، بەڵام ئەم ڕووداوە(واتە کۆماری کوردستان)، لە مێژووی ئەم پەنجا ساڵەی دوایی کوردستاندا لە چەندین ڕووەوە زۆر جێی

گرنگی پێدانە و بایەخی خۆی هەیە لە زۆر لاوەش نـەخـش و ڕۆڵـی بنـەڕەتـی بینیوە، چونکە:

ئێمە هەمووەمان لە دوای سەرکـەوتنـی شۆڕشـی ئیسـلامی ئێـران، لـەگـەڵ شـانۆی سیاسـی کوردسـتان(لانـیکـەم لـە بـواری هـەواڵ و دەنـگ و بـاسدا) ئاشنایەتیمان هەیە و ئاگادارین.

یەکێک لە یاریکارانی ئەسڵی ئەم شانۆ سیاسی‌یـە حیزبـی دیموکراتـە، ئـەم حیزبە یەکێ لە بە ڵگە و پاساوەکانی ڕەوایی خەبات و شۆڕشەکـەی خـۆی دژبـە دەوڵەت بەم شێوەیە پوختە دەکاتەوە:

«حیزبی دیموکرات درێژە پێـدەری ڕێگایـەکـە کـە قـازی مـەحـەممـەد لـە پێناویاسەری ناوەتەوە، ڕێگایەک کە ئازادی میللـی، فـەرهـەنگـی و سیاسـی گەلی کوردی لە خۆ گرتووە و تیایدا بەرجەستە ئەبێت، ڕێگایەک کە گـەلـی کورد لە پێناوگەیشتن پێ‌ی هەرچی خەبات و خوێنی هـەیـە بـە خـەرجـی داوە[١]».

بە دەربڕینێکی‌تر، ڕووداوی کۆماری ئۆتۆنـۆمی کوردسـتان و بـەسـەرهـاتی قازی محەممەد، هەم بەیانگەر و دەربڕی ڕێ‌ی حیزبی دیموکراتە و هەم نموونەو سەرمەشـقی ئـەو ڕێ‌یـە و شـیرین‌تـرین و خۆشـترین وشـە و قسـەی حیزبـی دیموکرات بۆ خەڵکی کورد بەتایبەت لاوان ، باسکردنی هەمان ئەو ڕووداوەیە.

مەسەلەکە لێرەدا ئـەوەیـە کـە بـۆچی حیزبـی دیمـوکرات ڕووداوێکـی بـە ئیستیلاح واگرنگ، ناخاتە بەر توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و بە دوورو درێـژی باسـی ناکات و لە ڕووی مێژوویی‌یەوە ڕوونی ناکاتەوە، و تەنهـا وەک ئـەفسـانەیـەکـی مێژوویی باسی لێوە دەکات[٢]!

گرنگی نەدان و ئاماژەنەکردنی ڕێبەرانی حیزبی نێوبراو بەو مەسەلەیە - واتە بەشەرح و راڤەی کەسایەتی و ئەو ڕێگایەی کە قازی محەممەد هەڵیبژارد- پرسیارێکە بیرو هۆشی نووسەری بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە .

حیزبێک کە لەوچەند ساڵەی دوایی‌دا بە هۆی چالاکی گەلێکی بەرفراوانەوە هەوڵی‌داوە کە ئۆگرو لایەنگر لەنێو خەڵکی کورددا دروستبکات و بۆ لای خۆی رابکێشێ و وەکو بنیانگوزار و دامەزرێنەر لە قازی محەممەد دواوەو ئەدوێ، بۆچی رووی راستەقینەی ئەو کەسایەتیە کوردیەی لە پەناپەردەی نادیاریدا هێشتۆتەوە؟

بۆچی ڕێبازو سیاسەتەکانی ئەو کەسایەتیە شەرح و راڤە ناکات؟ئەگەر قازی محەممەد سەرمەشق و ئولگۆیە، بەڵگەو نیشانەکانی چین؟ ئایا بەتەنها باسکردنی ئەوەکە قازی محەممەد لە ڕێی خودموختاری کورددا کوژراوەو سەری ناوەتەوە بەسە؟

بێدەنگی حیزب و لێکۆڵینەوە و راڤە نەکردنی ئەو رووداوە ،مەبەستی سەرەکی و بنەڕەتی بۆ ئاکامی ئەم توێژینەوەیە بووە و لەگەڵ هێنانە گۆڕی ئەم پرسیارەو بابە تی سەرەکی کە :«ئایا قازی محەممەد کێ بوو ،ڕێگا و ڕێبازەکەی چی بوو ،چ ڕێبازو ڕێ و شوێنێکی داهێنا،ئەو بەرنامانەی کە لە دەورانی حکومەتەکەیدا پێڕەوی لێ دەکردن چی‌بوون، و میکانیزمی گەیشتن پێیان چی‌بوو و چۆن ئەو ڕێیەی پێوا یان دەست نیشان کرد؟» ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەی لەخۆگرتووە.بۆیە ئامانجی گشتی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتی‌یە لە:

«ناساندن و لێکۆڵینەوەی کەسایەتی قازی محەممەد و چۆنیەتی پێکهێنانی حیزبی دیموکرات و کۆماری خودموختاری مەهاباد بەپشت بەستن بە باری سیاسی-کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی».

دووەم/ رەنگە ئەو پرسیارە بە مێشکی خوێنەردا گوزەر بکات کە ئاخۆ هەر لەبنەرەتدا چ پێویست بەوە دەکات کە ڕووداوی سەرەوە وەک بەشێک لە مێژووی سیاسی گەلی کورد و بەشێوەیەکی جوداو سەربەخۆ بخرێتە بەر باس و لێکوڵینەوە و قسە لە هەموو ڕەهەندەکانی بکرێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا وەرئەگیرێ کە لە شێوەی دوو پێشەکی و یەک ئەنجام گیریدا خراوەتە ڕوو. ئەم چەند دێڕە بەڵگەکاری‌یە ناوەڕۆک و ڕۆحی وتە و قسە و لێدوانەکانی حیزبی دیموکرات پێک دێنێت.

لە پێشەکی یەکەمدا، ژمارەیەک(بەتایبەت لەم سەد ساڵەی دوایی‌دا)هەوڵیان داوە وا لە خەڵکی کورد و میللەتی کورد بگەیەنن کە مێژوو، نەژاد، زمان و ئایینی میللەتی کورد، خاوەنی ناسنامەی تایبەتی سەربەخۆی خۆیەتی و هیچ پەیوەندیەکی بە مێژوو و زمان و... تەواوی چین و توێژەکانی‌تری میللەتی ئێرانەوە نیە و گەلی کورد گەلێکی سەربەخۆ و جودان.

وەلە پێشەکی دووەمدا، هەمان ژمارە و خەڵک هەوڵیان داوە و ئەدەن وا لە خەڵکی کورد بگەیەنن کە کوردەکان بۆ بوژاندنەوە و زیندوو کردنەوە و سەربەخۆ بوونی مێژوویی، زمان و نەژادی خۆیان چەندە خەبات و تێکۆشانیان کردووە و چەندە خوێنیان بەخشیوە و قوربانیان پێشکەش کردووە.

دوای هێنانە گۆڕ و خستنەڕووی ئەم دوو پێشەکییە ، بەم شێوەیە ئەنجامگیری دەکەن و ئاکامەکەی ڕادەگەیەنن کە کوردێکی ڕاستگۆ و دڵسۆزو ڕاستەقینە کەسێکە ئەم ڕێگا مێژوویی‌یە بگرێتەبەر و خەباتی خوێناوی گەلی کورد تا گەیشتن بەدوا قۆناغی مەبەست و ئامانجی سەرەکی درێژە پێ‌بدات و ئەم بەئامانج گەیشتنەش لەوشەی (خودموختاری)دا پوختەئەکەنەوە...

لایەنگرانی ئەم بەڵگە کاری و بانگەشەیەی سەرەوە، هەروا لەراڤەکردنی ئەنجامگیریەکەیاندا لەیەک لایەنەوە - زیاد لە هەمووی- سوود لە کەسایەتی قازی محەممەد وەردەگرن و لەروونکردنەوە کانی خۆیاندا چ بەشێوەی نووسین و چ بەدەمی قازی محەممەد وەک نموونە و سەرمەشقی ئەو ڕێگایە دەدەنە قەڵەم، واتە بە بۆچوونی ئەوان دڵسۆزترین کەس بۆ فەرهەنگ و خەڵکی کورد قازی محەممەدە، کە بۆئەوان لەو ڕێگایەدا گیانی خۆی کردە قوربانی(٣)، بۆیە سەرنج و تێبینی و لێکۆڵینەوەی ئەم بۆچوون و بەڵگەکاریە دەخوازێت کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەو ڕووداوە مێژوویی‌یە بکۆڵینەوە و توێژینەوەی لەسەر بکەین. هەڵبەتە ئامانج لەم نووسینەدا سەرنج و لێکۆڵینەوەیە لەسەر پێشەکی دووەمی بۆچوون و بەڵگەکاری ناوبراو، وەلەم هەڵسەنگاندنەدا هەوڵ دراوە کە زیاتر گرنگی بەمەسەلەی قازی محەممەد و حیزب و حکومەتەکەی بدرێت(٤).

٢-ئامانجە گشتی‌و تایبەتیەکان

لە کاتی خستنەرووی بابەتەکەدا وتمان کە ئامانجی سەرەکی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بریتی‌یە لە :

«ناساندن و لیکۆڵینەوە لە کەسایەتی قازی محەممەد و چۆنیەتی پێکهێنانی حیزبی دیموکرات و کۆماری خودموختاری مەهاباد بە پشت‌بەستن بە باری سیاسی _ کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی».

بەڵام دەتوانین ئامانجە دیار و تایبەتیەکانی ئەم- خوێندنەوەیە بە کورتی بەم شێوەیەی خوارەوە خاڵبەند بکەین:

١- لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندیەکانی ڕووداوە سیاسیەکانی کوردستان کە لەوچەند دەهەیەی دواییدا ڕوویانداوە.

٢- لێکۆڵینەوە لە بارەی قازی محەممەد و بارودۆخی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی مەهاباد.

٣- لێکۆڵینەوە لەوە کە ئاخۆ چۆن قازی محەممەد بوو بە پێشەوا .

٤- لێکۆڵینەوە لە بارەی کۆمەڵەی (ژێ، کاف) ەوە.

٥- لێکۆڵینەوە لە مەڕپێوەندی قازی محەممەد لەگەڵ کۆمەڵەی ژێ،کافدا .

٦- لێکۆڵینەوە لەمەڕ پێوەندی قازی محەممەد لەگەڵ دەوڵەتی شۆڕەوی(یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو) .

٧- لێکۆڵینەوە لەمەڕ چۆنیەتی پێکهێنانی حیزبی دیموکرات و کۆماری خودموختاری کوردستان و چۆنیەتی رووخانی کۆمارەکە.

٣-مەبەست لەم خوێندنەوەیە

لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی کورتی نووسینەکان، بڵاوکراوەکان، وتارو لێدوانەکانی کەسانی ناسیۆنالیست و ماددیگەرای کورد، وادەردەکەوێت کە سەرانی رووداوە سیاسیەکانی کورد بەتایبەت حیزبی دیموکرات، هەوڵیان داوە بەچاوپۆشین لەراستیە مێژوویی‌یەکانی گەلی کورد و تەنانەت هەندێ جار بەهۆی بەلارێ دابردن و تێکدانی چەند بەشێکی ئەومێژووە، خەڵکی کورد بخەنەنێوپەردەی تاریکی و پەنهانی وەهاوەو لەبری راڤە و لێکدانەوەی حەقیقەتی ئەورووداوانە، بە وروژاندنی دروشم گەلێکی بەرواڵەت عاتیفی و شۆڕشگێڕی، لاوانی دڵپاک بۆلای خۆیان رابکێشن و پاشان لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا بەکاریان بێنن.

بۆیە بەپێویستم زانی کە لە رێی وروژاندنی چەند بەشێکی ئەم راستیانەوە بەتایبەت هە ندێ لەو رووداوو حەقیقەتانەی کە تا ئێستا کەمتر لێدوانیان لەسەر

کراوە، خزمەتێک بکەم و بەرۆشنی کۆمەکێک بە بیر و زەین و هۆشی ـبەتایبەت میللەتی کورد ـپێشکەش بکەم و بیانخەمە بەر بەرچاو روونی یەوە؛ئەم روونکردنەوەیەی ئاماژەم پێدا مەبەستی سەرەکی ئێمە لەم لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیەدا پێک دێنێت.

٤- شێوازی لێکۆڵینەوەکە

لەو سۆنگەیەوە کە ئەو بابەتەی ئێمە لێی ئەدوێین و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین، لایەنی مێژوویی_کۆمەلآیەتی هەیە و رەهەند گەلێکی دیاردە مێژوویی یەکانە، هەروەها لەبەر ئەوەی کەئەم رووداوە رووداوێکی مێژوویی و دوبارە نەبووە وەیە، دەبێ زانیاری یە پەیوەندی دارەکان و بەڵگەنامە پەیوەستەکان پێیەوە، لەبەڵگەنامە مێژوویی یە لابەلاکان و یادەوەری و بیرەوەری ئەوکەسانە دەستبخەین کە خۆیان بەشدار بوونە تیایدا، یا خود لە ماجەڕای رووداوەکان ئاگادارن و(شاهیدعەیانن)،بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوود لە شێوازی«بەهرەمەند بوون لەبەڵگەنامە و یادداشت و چاوپێکەوتنەکان »وەرگیراوە.

٥-دۆخی کاتی و شوێنی رووداوەکان

هەر وەک گوتمان، چۆنیەتی دروست بوونی کەسایەتی سیاسی قازی محەممەد و چۆنیەتی پێکهاتنی حیزبی دیموکرات و سەرەنجام چۆنیەتی دروست بوون و پێکهاتنی حکومەتی کۆماری مەهاباد، لەو مەسەلە گرنگانەن کە بەندە نیازیەتی بیانخاتە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە و راڤەکردن، بەڵام پێویستە لێرەدا ئەو خاڵە وەبیربێنینەوە کە هەموو ئەو رووداوانەی سەرەوە لەمەودای زەمەنی ١٣٢٠ی هەتاوی(١٩٤١ ز)- واتە لەگەڵ دەسپێکردنی جەنگی جیهانی دووەم[٥]- تا ساڵی ١٣٢٦هەتاوی(١٩٤٧ز)لەمەهاباد روویانداوە، بەدەربڕینێکی تر ئەم لێکۆڵینەوەیە

گرنگترین و سەرەکی‌ترین رووداوە سیاسیەکانی ئەو شەش ساڵەی ناوچەی مەهاباد لەخۆ دەگرێت.

٦-پۆلێن کردنی بابەتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە

بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە و ئەم خوێندنەوەیەی بەردەست بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینەروو:

سەرەتا لەبەشی دووەمدا قازی محەممەد بەپێی بارو دۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتی شەردەمی خۆی، ئەخەینە بەر توێژینەوە، ئینجا لەبەشی سێیەمدا دەچینە سەر چۆنیەتی دروست بوونی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان، لەبەشی کۆتاییشدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەخەینەروو.

بەشی دووەم

قازی محەممەد و بارودۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتی مەهاباد

١- تایبەتمەندییەکانی رووداوە سیاسیەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم

هەروەک دەزانین پشت بەستن بە ناسیۆنالیزم و دانی رێکخستنی سیاسی بە لای خەباتکردندا، دووتایبەتمەندی خەباتی نوێی گەلانی جۆربەجۆری جیهانەکە لە مێژووی خەباتی رابردوویان جیای دەکاتەوە. بەتایبەت لەو چەند دەهەیەی دوایی‌دا، خەباتی گەلان و میللەتانی خۆرهەڵات و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر کەوتبووە ژێر تەئسیر و کاریگەری ئەم دوو تایبەتمەندی‌یەوە، ناوچە کوردنشینەکانیش وەکو بەشێکی گرنگ و هەستیار لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەو دوو تایبەتمەندی‌یە خاڵی نەبووە.

ئەگەر لە مێژووی سیاسی رابردووی ناوچە کوردنشینەکاندا،شانۆی ئاڵوگۆڕی سیاسی لە گۆڕەپانی کوردستان‌دا، عەشیرەتە کوردەکان خۆیان بووبن و بەدەست ئەوانەوە بووبێ، ئەوا لەم سەدەیەدا-بەتایبەت لە پەنجا ساڵی دواییدا- ئێمە زیاتر-شایەتی رووداو و ئاڵوگۆڕە سیاسی، و میللی و حیزبی‌یەکانی کوردان لەگەڵ دەوڵەتاندا بووین. بەدەربڕینێکی‌تر، ئیتر ئێمەشایەتی حوزوور و ئامادەیی کاریگەرانەی سەرۆک عەشیرەتەکان لە شانۆ جیاجیاکانی سیاسی ناوچە کە نین، بەڵکو ئەمجارەیان شاهێدی ئامادەگی و هاتنە مەیدانی گرۆ و رێکخراو گەلێکین کە بە رێکخستنە سیاسی و نیزامیەکانی خۆیان و بۆزیندوو کردنەوەی مەسەلە

میللی و نەژادی و فەرهەنگیەکانی کوردان، هاتوونەتە نێوگۆڕەپان و شانۆی سیاسەت و خولقێنەری زۆر ڕووداوو ئالۆگۆڕیش بوونە.

بەشێوەیەکی گشتی لە سەرەتای ڕووداوو پێشهاتە حیزبی و ناسیۆنالیستی یەکان لەدەیەکانی دوایی دا، ناوچەکوردنشینەکانی ئێمە شایەتی دوو ڕووداوی گەورەی سیاسی بووە لە نێوان سەرجەم ڕووداوە سیاسیەکانی تردا، کەئەم دوو ڕووداوە ڕۆڵی بنەرەتی (دایک) یان بینیوە بۆ هەموو ڕووداوە کوردیەکانی تر. ئەم دوو ڕووداوە گەورەیەش بریتین لە:

یەکەم/ ڕووداوی قازی محەممەد و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٢٠ هەتاوی تا ١٣٢٦(١٩٤١-١٩٤٧ز) کەسەرەنجام سەری کێشا بۆ پێکهێنان و دروستکردنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤(١٩٤٦ز) و لە ساڵی ١٣٢٦(١٩٤٧ز) دا بە لەسێدارەدانی قازی محەممەد کۆتایی پێ هات .

دووەم/ جەرەیانی حیزبی دیموکرات و حیزبی کۆمەڵە لەساڵی ١٣٥٧هەتاوی(١٩٧٩ز) کەیەکێک لە توخمە سەرەکیەکانی شانۆی سیاسی ـ ئەمنیەتی ناوچە کورد نشینەکان لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران پێک دێنێت، ئێمە لەم ـ نووسینەدا تەنها ڕووداوو جەرەیانی یەکەم دەخەینە بەر تۆێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین .

بەڵام لەبەر ئەوەی کە شانۆ جوگرافیەکەی ئەم ڕووداوە سیاسیانە لە دەڤەری مەهاباددا بووە، بۆیە پێویستە بەرلەدرێژەدان بە باسەکەمان، کەمێک لەبارەی شوێن و مەوقیعیەتی مەهاباد بدوێین بۆ شارەزایی و ئاشنا بوونمان بەو شارە.

٢- مەوقیعیەتی مەهاباد

مەهاباد یەک لە شارستان(قەزاکان)ی پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوایە لەباکوری رۆژئاوای ئێراندا. ئەم شارە بە بەراورد لەگەڵ هەموو ناوچە و شارە کوردنشینەکانی تری ئێراندا–واتە نیوەی پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاواو پارێزگای کوردستان(سنە)و بەشێک لە پارێزگای باختەران(کرماشان)[٦] –، بە یەکێک لە شارە کۆن و دێرینەکانی ناوچە کورد نشینەکان لەقەڵەم دەدرێت کە نزیکەی ٤٠٠ ساڵ بەسەر دروستبوونیدا رەت بووە.

گەر بێتو شاری مەهاباد لەگەڵ شارەکانیتری کوردستاندا بەراورد بکەین، دەبینین کە مەهاباد بەیەکێک لە سێ شاری ناوچە کورد نشینەکان لەئێران و بەیەکێک لە پێنج شاری کوردنشینی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست(یان سەرزەمینی پێشووی ئێران) دێتە ژمار، چونکە وەک دەڵێن شارەکانی(سنە و سەقز و مەهاباد) لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و شاری(سلێمانی) لە کوردستانی ئێراق و شاری(دیاربەکر) لە کوردستانی تورکیادا، نزیکەی چوارسەد ساڵێک لەمەوبەر پێک هاتوون، لە کاتێکدا سەرجەمی شارەکانی تری کوردستان کۆنی دێرینییان لەرووی بەشار بوونەوە بۆ سەدەی دوایی دەگەڕێتەوە[٧].

سروشتی‌یە کە سەرەتای دروستبوونی ئەو شارانەی سەرەوە بەتایبەت مەهاباد لەگەڵ جێگیربوونی بەشێک لەسەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەکە دەستی پێکردووە و وردە وردە شێوەی شاری بەخۆوە گرتووە و سەقامگیر بووە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین فاکتەری سەرەکی‌مانەوە و فراوان بوونی ئەم شارە لەچوار سەد ساڵی رابردوودا و تا جەنگی جیهانی یەکەم، لەسێ خاڵی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

١– شوێنی بەردەوامی جێگیربوونی سەرۆک عەشیرەتەکان.

٢- شوێنی جێگیربوونی بازرگان و کاسبکاران کە پێداویستی و نیازمەندیەکانی دێهاتیەکان و عەشایەرو خەڵکی گشتی ناوچەکەیان جێبەجێ دەکردو لە ئەستۆی خۆیان دەگرت.

٣- رۆڵی بازرگانی ومامەڵەی ئەمشارە لەنێوان شارەکانی ئازەر بایجانی سۆڤیەتو تەورێزو شارەکانی سلێمانیو تەنانەت تورکیاش، وە دە توانین بڵێین کە لەسەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیودروستبوونی کۆماری مەهابادا، توێژە سەرەکیەکانی شار تەنها کاسبکارو بازرگانەکان بوون و لەقۆناغی دواتردا خێزان و پێوەندیدارانی خاوەن سەرمایە و سەرانی عەشرەتەکان هاتنە ناویەوە.

هەروەها لە کوێستانەکان و لەوەڕگاکانی دەوروبەری ئەم شارەدا یاخود ئەم شارستانەدا سێ عەشیرەتی مەنگوڕ، دەبۆکری و گەورک دەژیان. ئەم شارە لە رابردووی خۆیدا شاهێدی ناکۆکی و ئیختیلاف گەلێکی جۆراوجۆر لە نێوان خەڵکی کۆچەری و نیشتەجێکاندا بووە کە کۆمەڵناسە ئێرانییەکان باسیان لێوە کردووە[٨].

٣- قازی محەممەد[٩] لە ساڵەکانی ١٣٢٠(١٩٤١ز) «یاخود قازی محەممەد چۆن بوو بە پێشەوا»؟

سەرەتای دەستپێکردنی کاری قازی محەممەد و چالاکیەکانی لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لەهەمان شاری مەهاباد دەست پێدەکات و لە خاکەلێوەی ١٣٢٦(٣٠ی مارسی ١٩٤٧ز)بە لەسێدارەدانی کۆتایی پێدێت.

قازی محەممەد لەمیانەی ئەو شەش ساڵەدا و لەنێو هەل و مەرجی تایبەتی ناوچە کوردنشینەکان- بەتایبەت لەناو شاری مەهاباددا-پێگەیشت و کەوتە ناو

کار و جم و جۆڵەوە.و وەک زانایەکی ئایینی خەباتگێڕ و رابەری خەباتکاران و شۆڕشگێڕانی کورد و بنیاتنەری کۆماری مەهاباد ناوبانگی دەرکرد و ناسرا[١٠].

بەڵام ئایا بارودۆخی تایبەتی ئەو لەم شارەدا چی بوو؟

لەسەرەتاکانی شەڕی دووەمی جیهانی‌دا- واتە لەساڵی ١٣٢٠هەتاوی (١٩٤١ز)- رووسەکان باکوری ئێران و ئینگلیزەکان باشوری وڵاتی ئێمەیان داگیرکرد.

دوانیوەڕۆی رۆژی ٥/ی خەرمانانی ١٣٢٠هەتاوی(١٩٤١ز)لەدرێژەی داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزە نیزامیەکانی سۆڤیەت(روسیا)، شاری مەهاباد بە فڕۆکەی رووسی بۆمباران دەکرێت و رۆژی دواتر لەنێو ترس و لەرز و دڵەڕاوکێی خەڵکی‌دا، هێزەکانی نیزامی شۆڕەوی(روسیا)دەچنە ناو شارەکەوە، پادگانی مەهاباد کە بە بێ هیچ بەرهەڵستی و بەرگری‌یەک خۆی ڎابوو بە دەستەوە، دەست بەسەر دائەگرن و داگیری‌دەکەن، وەئەم داگیرکردنە تا مانگی گەڵارێزانی ١٣٢٥هەتاوی(نۆڤەمبەری١٩٤٦ز)بەردەوام دەبێت[١١].

بە دەربڕینێکی دیکە دەتوانین بڵێین کە ماوەی شەش ساڵ هێزەکانی دەوڵەتی ئێران لەو ناوچەیەدا حوزووریان نەبووە، و تا هاتنی سوپای(ئەرتەشی)ئێران، لەو ناوچەیەدا هیچ نەزم و ئەمنیەتێکی حکومی لەئارادا نەبووە، یانی لەو شەش ساڵەدا لەلایەکەوە دەوڵەتی ناوەندی هیچ جۆرە ئامادەگی‌یەکی لە ناوچەکانی کوردنشین‌دا نەبووە و لە لایەکی تریشەوە سوپای بێگانە فەرمانڕەوا بووە.

لە خەرمانانی ١٣٢٠هەتاوی(١٩٤١ز)بەدواوە لە شاری مەهاباددا ئەو کەسانەی کە خاوەنی سەروەت و سامان و پلە و مەقامێک بوون، شارەکە بەجێ دێڵن و بۆ پاراستنی گیانی خۆیان بۆ شارە ئارامەکان لە ناوخۆی وڵات کۆچ دەکەن، یان پەنا

دەبەنە بەر ماڵ و دەڤەری گوندەکانی ناوچە کوردنشینەکان و عەشایەری ئەو ناوچانە.

لەو نێوەندەدا تەنها خەڵکانی ئاسایی کە دەستیان بە جێگا و ڕێگایەک نەدەگەیشت لە شارەکەدا مانەوە، ئەو خەڵکە لەلایەک ترسیان لە هێزە نیزامیەکانی بێگانە هەبوو کە لە ناوچەکەدا بوون[١٢]، و لە لایەکی دیکەشەوە لە هێرش و پەلاماری چاوەڕوانکراوی بەشێک لە عەشایەر بۆ سەر شارەکە لە نیگەرانی و ترس و لەرزدا ژیانیان بەسەر دەبرد.

ئالەو بار و دۆخ و کاتانەدایە کە قازی محەممەد وەک مامۆستا و مەلایەک کە باوکی قازی ئایینی شار بووە، قۆڵی هەوڵ و هیمەت لێ هەڵدەماڵێ و دەست لە کار و باری خەڵکی وەرئەدات و تێکەڵاوی گیروگرفت و ئیش‌وکاریان دەبێت.

قازی محەممەد لەو کاتەدا ژمارەیەک لە خەڵکی شارەکە ئامادە ئەکات و داروقەمچی و پاشان چەکیان پێ‌ئەدات تا لە بەرامبەر دەست درێژی و دزی و خراپەکاری‌دا پارێزگاری و پاسەوانی لە شارەکە بکات.

ئەو هەروەها کێشە و مەسەلە پەیوەندیدارەکان بەئازووقە و خۆراکی خەڵکی لەگەڵ کارمەند و بەرپرسانی ناوچەی شارەکەیدا چارەسەر دەکات و ڕێگا چارەیان بۆ دەبینێتەوە و بە پێکهێنانی دادگایەک و دامەزرانی وەک سەرۆکی دادگاکە، کێشە و ناکۆکی و گیروگرفتەکانی نێوان خەڵکی چارەسەر دەکات، هەر بە هۆی ئەو هەنگاوانەشەوە قازی محەممەد جێی خۆی لە دڵی خەڵکی‌دا دەکاتەوە و دەبێتە خۆشەویستی خەڵک و نازناوی«پێشەوا»ی پێ دەبەخشن[١٣].

لێرەدا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی قازی لە کاروباری ئەمنیەتی شاردا(ئەمن و ئاسایشی خەڵکی‌دا) ئاماژە بە دوو خاڵ دەکەین:

یەکەم/ لە کتێبی (از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس) لە مەهابادی خوێناوی‌یەوە تا کەنارەکانی ئاراس، نووسراوی (نەجەفقولی پەسیان)- پەیامنێری ئەو کاتی رۆژنامەی ئیتلاعات- کە لەو دەمەدا لە شانۆی سیاسی کوردستان و ئازەربایجانی رۆژئاوادا حوزووری بووە، بەم شێوەیە هاتووە: «قازی محەممەد لە ماوەی فەرمانڕەوایی خۆیدا بە رێ و شوێن و شێوازی تایبەتی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد، چونکە رێگەی نەدا کاری کوشتن و پەلاماردان و دەستدرێژی لەنێو شاردا روو بدات یاخود سەروەت و سامانی خەڵکی بەتاڵانی بچێت، ئەم کارە وای کرد کە لە ماوەی دوو ساڵی دەسەڵاتداری و فەرمانڕەوایی ئەودا تەنها یەک کەس لە خەڵکی شار بکوژرێت* و خەڵکی هۆگریەکی تایبەت لەگەڵ قازی‌دا پەیدا بکەن».

دووەم/ عەشایەر بەهۆی ئەو رۆشنبیری و تێگەیشتنە تایبەتە عەشایەریەی هەیانبوو و بەهۆی ئەو بەرخورد و تێکهەڵچوونانەی لەهەندێ برگەی مێژوویی‌دا لەنێوان ئەو عەشایەر و خەڵکی مەهاباددا روویاندا بوو و هەروەها بەهۆی چەند فاکتەرێکی‌تر کە هێشتا رۆشن نین، زۆربەیان بە چاوێکی دوژمنکارانەوە سەیری ئەو شارەیان دەکرد و لە هەر دەرفەتێکدا کە بۆیان رێکەوتبایە، هەرچی لە توانایاندا با دەرهەق بەو شارە دەیانکرد و درێخی‌یان نەدەکرد، بە مانایەکی‌تر ئێمە لە ناوچەی مەهاباددا شاهێدی هەمان ئەو بابەت ومەسەلە و هەمان ئەو شتەین کە کۆمەڵناس(مردم شناس)انی ئێران باسی دەکەن کە بریتی‌یە لە ناکۆکی و جیاوازی کۆچەری لە گەڵ شارنشین یان نیشتەجێ‌یاندا...

بۆ نموونە قادر مودەرریسی دەڵێت:

---

* ئەو کەسە، غەفووری مەحموودیان بو. رەئوف تەوەکولی

«لە خەرمانانی ١٣٢٠هەتاوی(١٩٤١ز) کە هێزەکانی شۆڕەوی دێنە ناو خاکی ئێرانەوە و حکومەت لە ناوچەکەدا نامێنێ و بۆشایی دروست دەبێت. سەرلـەنـوێ عەشیرەتەکان خۆیان چەکدار و ئامادە ئەکەن، هەمیشە لە بیری ئەوەدا ئەبن کە لـە هەلێکی گونجاودا هێرش بکەنە سەر شاری مەهاباد. جێی سەرنجە کە بـەپـێی گەواهیەکان(شاهیدانی زیندوو)، لەو سەردەمەدا لە کاتێکدا کـە هێشـتا عـەشـایەر هەر لە گوندەکان و دێهاتی خۆیان ئەبن، کە بڕیار ئەدەن کاتێـک هێرشـیان کـردە سەر شارەکە سەروەت و سامانی(میرزا ڕەحمـەت شـافیعی)- کـە نـاودارترین و دەوڵەمەندترین کەسی مەهاباد بوو- بە فڵان بنەماڵە بـدەن، کـە ئـەم کـارە دەبێتـە هۆی ئاژاوەنانە وە و دروستکردنی ترس و بیم و لەرزێکی زۆر لـە نێوخـەڵـکی مەهاباددا. ئالەو کات و ساتەدا، قازی محەممەد کۆمەڵێک کەس لە خەڵـکی بـەدار و گۆچان و کۆمەڵێکیش بە تفەنگ و خـەنجـەر چـەکـدار دەکـات و سـەرقاڵـی بەرگریکردن و پارێزگاریکردن لە شار و جەمـاوەرەکـەی دەبێـت و ئـەوپـەڕی هەوڵ و توانا و تەقەللای خۆی لەو پێناوەدا دەخاتە گەڕ، وەبەم شێوەیـە لـە دڵـی خەڵکی شارەکەدا خۆشەویست دەبێت»[١٤].

٤- کۆمەڵەی(ژێ،کاف)و جەرەیانی سیاسی-ڕۆشنبیری لەتـەک جووڵانەوەی قازی محەممەددا

هەروەها لە ئان و ساتی هەمان ئەو شەش ساڵەدا ژمارەیەک لە کوردەکان بـە سەرنجدان لەو کارەسـات و ناهـەمـواری و ناسـۆرییانـەی بـەدرێژایـی مێـژوو ڕووبەڕووی ئەو میللەتە بوونەتەوە(بەتایبەت لە شەڕی چاڵـدێران بـەدواوە)[١٥] و هەمیشە دەوڵەتـان و ڕووداوو ئاڵـوگۆڕە سیاسـیەکـان وەک وەسـیلە و ئامرازێـک سوودیان لێوەرگرتوون، بیریان لە چارەسەرێـک کـردەوە و لـەدرێـژەی هـەمـان

چارەسەر و گەڕان بە دوای ڕێگاچارەیەکدا بوو کە لە ساڵی ١٣٢٠هەتاوی(١٩٤١ز)[١٦] بەدواوە هەر لە مەهابادا کۆمەڵەیەکی میللی-ئایینی لە ژێر ناونیشانی کۆمەڵەی(ژێ،کاف)دا -زەمینەی پێکهێنانی فەراهەم هات[١٧].

ئەم کۆمەڵەیە کە پێشتر لە کوردستانی عێراقدا دروست ببوو[١٨]، باوەڕی بە رزگاری گەلی کورد هەبوو(هەر بۆیەش هەندێک کەس دروستبوونی ئەم کۆمەڵەیە دەگێڕنەوە بۆ ئینگلیز، چونکە ئەو کاتە ئینگلیز لەسەرانسەری عێراقدا خاوەن دەسەلات و نفوز بوو)، وەهەروەها کۆمەڵە لەو باوەڕەدا بوو کە تاکە ڕێگای رزگار بوون و ئازادی میللەتی کورد گەشەکردن و بەرەوپێشەوە چوونی فەرهەنگ و رۆشنبیری ئەو میللەتەیە.

یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە کە تا ئێستاش هەرلە ژیاندایە دەڵێ: ئەم کۆمەڵەیە هەر لە بنەڕەتدا باوەڕی بە خەباتی چەکدارانە نەبووە، بەڵکو کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی-ئایینی بوو کە پێ ی وابوو دەبێ گەلی کورد لە ڕێگەی هوشیاری و بەرەو سەربردن و گەشەپێدانی ئاستی فەرهەنگ و رۆشنبیرییەوە رزگار بکرێت.

کۆمەڵەی(ژێ،کاف)سێ ساڵ بە شێوەی نهێنی کاری دەکرد بە پێی ئەو داب و مەرجە مەعنەوی و تایبەتیانەی خۆی کە هەیبوو[١٩] لە ناوچەی موکریاندا-واتە لە هەمان ناوچەی مەهاباد یان باشووری پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوای ئێستا-، بەڵێ کۆمەڵەی ناوبراو لەو ناوچەیەدا خەریکی کار و چالاکی خۆی بووە، بەڵام ئەوەی کە جێی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە کە قازی محەممەد ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە نەبووە!

بە درێژایی ماوەی ئەو سێ ساڵە، کۆمەڵە توانی ژمارەیەکی زۆری خەڵک بەشێوەی تیپ و دەستەی نهێنی بەلای خۆیدا رابکێشێ و دەڵێن جم و جۆڵ و

چالاکی ئەو کۆمەڵەیە کاریگەری زۆری لە سەر خەڵکی دروستکردوو کاری تێکردن، تا بە چەشنێک خەڵک و جەماوەرەکە خۆشیان دەویست و دڵیان پێوەی بەستابۆوەو هۆگری بوون، تەنانەت وەک دەڵێن شەوانە خەڵک تا بەیانی دەرگای ماڵەکانیان لە سەرپشت بەجێ دەهێشت بۆ هاتووچۆی کۆمەڵەکە.

جا ئێستا بۆ ئەوەی لە بارەی وەزعی کۆمەڵەی(ژێ،کاف)و پەیوەندی بە قازی محەممەدەوە زیاتر ئاشنا بیت، دەقی قسەکانی محەممەدی سەمەدی لێکۆڵەرەوەی مێژووی مەهاباد و وەرگێری کتێبی(جمهوری مهاباد)، دەنووسم:

«لە ساڵی ١٣١٩هەتاوی(١٩٤٠ز)دا زانایەکی بڕوادار و دڵسۆز بە نێوی مەلا ئەحمەدی فەوزی کە بە مەلای سلێمانی بەناوبانگ بوو(سلێمانی یەکێک لە شارە گەورەکانی کوردستانی عێراقە)، کۆڕ و ئەنجومەنێک پێکدێنێت کە تیایدا وانەی ئیمان و ئەخلاق و هەندێکیش وانەی نەتەوایەتی بە قوتابیەکان دەڵێتەوە. ئەو ئەنجومەن(محفل)ە هیچ جۆرە چوارچێوەیەکی دیاری کراوی رێکخستن و پەیڕەو و پرۆگرام و مەرامنامەیەکی نەبووە...بەڵام ئەوانەی کە لەو ئەنجومەنەدا بەشداریان کردوو لە کۆڕی ئەو زانایەدا سوودمەند و بەهرەمەند بوون، دواتر کۆمەڵەی(ژێ،کاف)یان دروست کرد.

کۆمەڵەی ناوبراو لە کوردستانی ئێراندا رۆژی ٢٥ گەلاوێژی ١٣٢١هەتاوی(١٦ی ئووتی١٩٤٢ز)بە ئامادەبوونی هەژدە کەس-شازدەیان مەهابادی و دوو کەسیان کوردی عێراقی[٢٠]-لە مەهاباد پێک هات. ئەو کۆمەڵەیە کە کۆمەڵەیەکی ئایینی-میللی بوو و تەنها لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و فەرهەنگی گەلی کورددا تەقەللاو خەباتی بەرفراوان و هەمەلایەنەی دە کرد، یەکەمین بزوتنەوەی سیاسی‌یە کە لە کوردستانی ئێراندا پێک هاتبێت.

بە پێویستی دەزانم لێرەدا ئەوە روون بکەمەوە کە رۆژی٢٥ی گەلاوێژ- هەروەک باسمان کرد- رۆژی لە دایک بوونی کۆمەڵەی(ژێ،کاف)ە کە هیچ پەیوەندیەکی بە حیزبی دیموکراتەوە نی‌یە، بەڵام هەروەک دەزانین حیزبی دیموکرات خۆی بە پاشماوەی کۆمەڵەی(ژێ،کاف)دەزانێت و رۆژی دامەزراندنی هەردووکیان هەربەهەمان زۆژی ٢٥ی گەلاوێژ دەداتە قەڵەم[٢١].

ئەم کۆمەڵەیە لە یەکەمین هەنگاوە سەرەتاییەکانی خۆیدا، پێوەندی لەگەڵ حیزبی (هیوا) لە کوردستانی عێراقدا پەیدا دەکات کە رێکخراوێکی شۆڕشگێڕ و خاوەن ئەزموون بوو، وە لەلایەن حیزبی ناوبراوەوە چەند نوێنەرێک دەنێردرێتە مەهاباد بۆ رێکخستن و رێنمایی‌کردنی (ژێ،کاف).

لە هە مان ساتدا کوردەکانی تورکیاش چەند رێکخراوێکیان پێک‌هێنابوو کە لە سەروویانەوە رێکخراوی(خۆیی بوون) بوو، کە لە(بەیروت)و(پاریس)دا نووسینگە و نوێنەری هەبوو و دەنگ و باسی کوردستانی بە کەناڵ و دەزگاکانی راگەیاندنی جیهان دەگەیاند و بڵاو دەکردەوە.

ئەم رێکخراوەش لەگەڵ حیزبی(هیوا) و کۆمەڵەی(ژێ،کاف)پەیوەندی بەستبوو. (ژێ،کاف، بە مانای کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان یا خود کۆمەڵەی تێکۆشەر لەپێناو ژیاندنەوە و نوێ کردنەوەی ژیانی کوردستان)...

کۆمەڵەی(ژێ،کاف)بۆ ئەندام بوون تیایدا، چەند مەرجێکی دانابوو و هەرکەسێک داوای ئەندامێتی کردبا، دەبوایە ئەو شەش مەرجەی جێ‌بەجێ بکردایە، کە بریتی‌بوون لەمانەی خوارەوە:

١- هەرگیز خیانەت لە کورد نەکات.

٢- بۆ خودموختاری کوردستان لە تێکۆشان نەوەستێت.

٣- هیچ رازێکی رێکخراوە، نەبە قەڵەم، نەبە ئیشارە نەدرکێنێت.

٤- هەتا کۆتایی ژیانی ئەندامی کۆمەڵە بێت.

٥- تەواوی پیاوانی کورد بە برای خۆی و تەواوی ژنانی کورد بە خوشکی خۆی بزانێ.

٦- بە بێ ئیزنی کۆمەڵەی(ژێ،کاف) نەبێتە ئەندامی هیچ حیزب و رێکخراوەیەکی تر.»

بەڵام سەبارەت بە پێوەندی کۆمەڵەی(ژێ،کاف)بە قازی محەممەدەوە

تاکە بەڵگە نامەیەک کە لەو سەردەمەدا دەتوانین پشتی پێ ببەستین راو نەزەر و بۆچوونی مەلا قادر مودەرریسی‌یە کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە بووە و حاڵی حازر لە ژیاندایە و لە تەمەنی٩٧ساڵی‌یە.

لەو بارەوە سەیید محەممەدی سەمەدی لێکۆڵەر و وەرگێڕی کتێبی کۆماری مەهاباد بەم شێوەیە ئەدوێت و دەڵێ:

«ئەو(واتە مەلا قادری مودەرریسی) کەسێکی بیرتیژ و خاوەن حافیزە(لەبیربوون)ێکی لەرادەبەدەر باش و بە هێزە.مەلا قادر لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی(ژێ،کاف)بووە و لە مەڕ روونکردنەوەی ئەو مەسەلانەوە کە پێوەندییان بەو کۆمەڵەیەوە هەیە راستگۆیانە ئەدوێت و قسەدەکات.

بە گوێرەی لێدوانەکانی ناوبراو، قازی محەممەد لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی(ژێ،کاف) نەبووە، بەڵکو تەنها بەڵێنی ئەوەی دابوو کە هاوکاری کۆمەڵە بکات و هاوکاریشی کرد. نازناوی خوالێخۆشبوو قازی محەممەد لە کۆمەڵەی(ژێ،کاف)دا (بینایی)بوو. قازی بۆ ئەندامێتی لە ناو کۆمەڵەدا

بانگهێشت کرا و شوێنی بانگهێشت کردنەکەشی ماڵی خوالێخۆشبوو مام ئەحمەدی ئیلاهی بوو(کە دواتر لە حکومەتی قازیدا بوو بە وەزیری ئابووری)، لەوێ دووکەس لە ژوورێکی نهێنیدا قسەیان لە گەڵ قازی کرد و داوایان لێ کرد بێتە ناو کۆمەڵەوە. ئەو دوو کەسەش یەکیان بەڕێز مەلا قادر مودەرریسی و ئەوەیتریان خوالێخۆشبوو قاسم قادری بوو.

قازی لای ئەو دوو کەسە رایگەیاند کە ئامادەم هەر کارێک و هەر یارمەتی و کۆمەکیەک کە بۆ کۆمەڵەکە لە دەستم بێت راستگۆیانە و دڵسۆزانە ئەنجامی بدەم، بەڵام بەشێوەی رەسمی نابمە ئەندام، واتە نەبە ڕەسمی بوو بەئەندام و نە سوێندیشی خوارد، بەڵام بە شێوازی لابەلا و ناڕاستەوخۆ هاوکاری کۆمەڵەی دەکرد.» (لە بەڕێز سەیید محەممەدی سەمەدی نەقڵ کراوە کە لێکۆڵەرەوە، ووەرگێڕی کتێبی کۆماری مەهابادی ئەنگلتۆنە)[٢٢].

بەشی سێیەم

قازی محەممەد و پێکهێنانی حیزبی دیموکرات و کۆماری خودموختاری مەهاباد

له ساڵی ١٣٢٤هەتاوی(١٩٤٥ز)، واته چوار ساڵ دوای داگیرکردنی شاری مەهاباد له لایەن هێزەکانی سۆڤیەت(روسیا)وە، ئێمە شاهێدی دوو رووداوی گرنگی سیاسین لە ناوچەکەدا؛ یەکیان دامەزراندنی حیزبی دیموکراته بە سکرتێری گشتی قازی محەممەد و ئەوی‌تریان دروست‌کردن و پێکهێنانی کۆماری خودموختاری مەهاباده ئەمیشیان هەر بەسەرکۆماریەتی قازی محەممەد.

ئێستاش بەر لەوەی بچینە سەر روون‌کردنەوەی ئەم دوو رووداوه و شرۆڤەکردنیان، پێویسته ئاماژه به هەردوو سەفەری قازی محەممەد بۆ سۆڤیەت بکەین کەله ماوەی ئەو چوارساڵەدا بەئەنجام گەیشتوون.

١-سەفەری یەکەم بۆ سۆڤیەت

سەفەری یەکەم، له ساڵی ١٣٢٠هەتاوی(١٩٤١ز)دەبێت، که چەند نوێنەرێک له کوردستانی ئێرانەوە به مەبەستی دیدار و چاوپێکەوتن لە یەکێتی سۆڤیەت دیاری دەکرێن و لەلایەن سۆڤیەتەکانەوە بانگهێشت دەکرێن.

ئەو بانگهێشت(دەعوەت)ە له لایەن نوێنەرانی کوردەوە _که زیاتر له بیست کەس[٢٣] بوونە_قەبووڵ دەکرێت، میوانەکان لەرێگەی تەورێز و بەهۆی شەمەندەفەرەوە بەهاوڕێیەتی ژەنەڕاڵ سەلیم ئاتاکشیۆف دەگەنە باکۆ.

ئەو هەیئەتە(شاندەکە) لە باکۆ چاویـان بـە پێشـکەوتنـەکـانی پیشـەسـازی، کشتوکاڵی، فەرهەنگی و هونەری‌یـەکـان کـەوت و لـەگـەڵ سـەرانـی کۆمـاری ئازەربایجانی سۆڤیەت‌دا لەمەڕ کوردستانەوە، چەند وت‌وویژێکیان ئەنجـامدا. لـەو سەفەرەدا میرجەعفەر باقرۆڤ، سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی سۆڤـیەت روو بـە شاندی کوردان دەڵێ:

«ئێمە ئێوەمان خۆش دەوێت و بۆ سەربـەرزی و بـەرەو پـێش‌چـوونی گەلی کورد تێدەکۆشین، وە ئێوە هەر کارێکتان هەبوو سەردانمان بکەن و پێمان بڵێن، بڵێن بەڕاستی بزانین چ داواکاریەکتان لە ئێمە هەیە».

قازی محەممەدیش لە وەڵامی ئەو قسەیەی سەرکۆماری سۆڤیەتی‌دا دەڵێت:

«ئێمە سەربەخۆیی‌مان دەوێت و پێویستە دەوڵەتـی سۆڤـیەت بـە هـۆی سـوپای سـوورەوە سـەربـەخۆیمـان دەسـتەبـەر بکـات و چـەکمـان پێ‌بدات...».

هەڵبەتە لەو سەفەرەدا چەند جیاوازی و ناکۆکیەک لە نێوان خودی نوێنەرانی کورددا روویدا- چونکە هەیئەتەکە هەم لە سەرۆک عەشیرەتەکـان پێـک هـاتبوو هەمیش لە کەسانی سیاسی...!

٢-سەفەری دووەم بۆ سۆڤیەت

سەفـەری دووەم، لـە خـەرمانـانی ١٣٢٤هـەتـاوی(سـێپتەمبـەری ١٩٤٥ز)دا بەئەنجام گەیشت، کاتێک ژەنەڕاڵ سەلیم ئاتاکشیۆف نوێنەری سیاسـی سۆڤـیەت لـە ئـازەربایجـان، داوا لـە قـازی محـەممـە د دەکـات کـە هـاوڕێ لـەگـەڵ هەیئەت(شاند)ێک سەردانـی سۆڤـیەت بکـات. لـەو سـەفـەرەدا حـەوت کـەس هاوڕێ‌یەتی قازی محەممەدیان کرد(کە زۆربەیان لە کەسانی سیاسی بوون)[٢٤].

ئەم شاندە لە وێستگەی شەمەندەفەری باکۆدا لەلایەن نوێنەرانی کۆماری ئازەربایجانەوە پێشوازی کران و پاشان وت و وێژ و دانوستان بە ئامادەبوونی (جەعفەر باقرۆف) سەر کۆماری ئازەربایجان و شاندی ناوبراو، دەستی پێکرد. لەو وت و وێژ و کۆبوونەوەیەدا باقرۆف لە حاڵێکدا بەناولەپی دەستی، دەستی خۆی لە دەسکی ئەو کورسیە گیر کردبوو کە لە سەری دانیشتبوو، وتی:

«... تا رۆژێک کە کۆماری سۆشیالیستی هەیە، خودموختاری و ئازادی گەلی کوردیش بەرقەرارە...»[٢٥].

قازی محەممەدیش لە وەڵامیا وتی:

«گەلی ستەمدیدەی کورد هەردەستێک کە رابێ بە یارمەتیدان و هاوکاری کردنی، نەک هەر دەیگوشێت، بەڵکو ماچیشی دەکات...»

هەروەها لەو سەفەرەدا باقرۆف بەڵێنی ئەم شتانەی خوارەوش بە شاندەکە ئەدات:

١- چەک و چۆڵ و یارمەتیەکانیتری کاڵا و کەل و پەل بۆ مەهاباد بنێردرێت.

٢- قازی محەممەد کۆمەڵێک لاوی کورد بنێرێت بۆ زانکۆی ئەفسەری باکۆ بۆ بەشداری کردن لە خولی مەشقی سەربازی(کە دواتر هەشتا کەس نێردران).

٣- دەزگایەکی ماشینی چاپکردنی کتێب و رۆژنامە بدرێت بە کوردان[٢٦].

٣-پێک هاتنی حیزبی دیموکرات

دروستبوونی حیزبی دیموکرات، دوای سەفەری دووەم بۆ سۆڤیەت بوو، ئەوەبوو کە قازی محەممەد دوای ئاگادار کردنەوەی کەسانی بنەڕەتی و سەرەکی کۆمەڵەی(ژێ،کاف)، دروست بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک تاقە

ڕێکخراوی سیاسی ناوچە کوردنشینەکان ڕاگەیاند و کۆمەڵەی(ژێ،کاف)یش لەگەڵ ئەو حیزبەدا تێکهەڵکێش بوو.

دوابەدوای ئەمە یەکەمین کۆنفرانسی حیزب لە سەرماوەزی ١٣٢٤هەتادی(تشرینی یەکەمی١٩٤٥ز) بۆ پەسەند کردنی پەیڕەو و پڕۆگرام و هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی و سکرتێری گشتی، بەستراو قازی محەممەد بە سکرتێری گشتی ئەو حیزبە هەڵبژێردرا.

هەندێک لە خاڵەکانی بەرنامەی ئەو حیزبە بریتی بوون لە:

١- گەلی کورد لە ناوخۆی ئێراندا لە بەڕێوەبردنی کار و باری خۆی ئازاد و سەربەست بێت و خودموختاری خۆی لە چوارچێوەی ئێراندا بەدەستەوە بگرێت.

٢- بتوانێ بە زمانی کوردی خۆی بخۆێنێ و ئەوزمانە بە ڕەسمی بناسرێت.

٣- ئەنجوومەنی هەرێمی‌ی کوردستان بە پێی یاسای بنەڕەتی(قانون اساسی) بە زووترین کات هەڵبژێردرێت و لە هەموو کاروبارە کۆمەڵایەتی و دەوڵەتیەکاندا چاودێری و سەرپەرشتی بکات.

٤- بەرپرسانی دەوڵەتی لە ناوچەکەدا، بە تەئکید دەبێ لە خەڵکی ناوچەکە پێک‌بێن.

٥- پێویستە هەرچی بەرهەم و داهاتی ناوچەکە هەیە، لە خودی ئەو ناوچەیەدا خەرج بکرێت.

٦- بەتایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستان تێدەکۆشێت کە یەکێتی و برایەتی لە نێوان گەلی ئازەربایجان و ئەو گەلانەی لە ئازەربایجان دەژین(ئاشوری، ئەرمەنی و...) بەرقەرار بکات.

٧- حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕێی سوود وەرگرتن لـە سـەرچـاوە سروشتییە زۆر و دڵڕفێنەکانی کوردستان و گەشە پێدانی بوارەکانی کشت وکاڵـی و بازرگانی و پەرەپێدانی کاروباری رۆشنبیری و تەندروستی، بۆ خۆشـگوزەرانـی و رەفاهیەتی وەزعی ئابووری و مەعنەوی گەلی کورد خەبات دەکات[٢٧].

٤- پێکهاتنی کۆماری خودموختاری کوردستان

هێشتا چەند مانگێک بەسەر پێکهێنانی حیزبی دیموکراتدا تێپەڕ نـەببـوو کـە لەرۆژی ٢/ی ڕێبەندانی ١٣٢٤هەتاوی(٢٢کانوونی دووەمی١٩٤٦ز)پێکهێنانی ئە و حکومەتە بەم شێوەیەی خوارەوە راگەیەنرا:

لە گۆڕەپانی(چوارچرا)ی مەهاباد بە ئامادەبوونی سەرانی کورد و ماشـێنێکی جێپی ئەرتەشی سۆڤیەت[٢٨]، قازی محەممەد لە سەرەوەی ئەو شوێنە تایبـەتیـەی بۆ مەراسیمەکە ئامادەکرابـوو، رادەوەسـتێ و پێکهێنـانی کۆمـاری خودموختـاری کوردستان رادەگەیەنێ. قازی محەممەد لەسـەرەتـای وتـارەکـەیـدا ئـاوا دەسـت پێدەکات:

«گەلی کورد گـەلێکـی بێکـەسـن، خـاک و نیشـتمانەکـەیـان داگیرکـراوە و دابەشکراوە، وەلە سـەرەتـاییتـرین مـاف کـە مـافی دیـاریکردنی چـارەنووسـە، بێبەشن...». لاپەڕە ١١٣ کتێبی ئەنگلتۆن.

ئینجا قازی محەممەد بە جلوبەرگی ئەفسەرانی رووسی و پلەی ژەنـەڕاڵـی وەک فەرماندەی گشتی هێزەکانی کوردستان، رێ و رەسمی سەربازی لەهێزەکانی خۆی ئەبینێ و دوای بەڕێوەچوونی مـەراسـیمی ریـزبـەنـدی لـەشـکر-کابینـەی کۆماری مەهابادی بەم شێوەی خوارەوە راگەیاند:

١- حاجی بابەشێخ	سەرۆک وەزیر
٢- محەممەد حوسێنی سەیفی قازی	وەزیری شەڕ
٣- محەممەد ئەمین موعینی	وەزیری کاروباری نێوخۆ
٤- حاجی رەحمان ئاغای موهتەدی	وەزیری کاروباری دەرەوە
٥- ئەحمەدی ئیلاهی	وەزیری ئابووری
٦- ئیسماعیلی ئیلخانیزادە	وەزیری ڕێگاوبان
٧- حاجی مستەفای داودی	وەزیری بازرگانی
٨- مەحمودی وەلیزادە	وەزیری کشتوکاڵ
٩- کەریمی ئەحمەدەین	وەزیری پۆست و تەلەگراف
١٠- مەنافی کەریمی	وەزیری رۆشنبیری
١١- سەدیقی حەیدەری	وەزیری راگەیاندن
١٢- خەلیلی خوسرەوی	وەزیری کار[٢٩]، [٣٠]

٥- دەرچوونی سوپای سۆڤیەت و ڕووخانی کۆماری خودموختاری کوردستان

لە گەڵ سەفەری قەوام سەڵتەنە بۆ مۆسکۆ و مۆرکردنی چەند ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان دەوڵەتی ئێران و ستالین‌دا، بارودۆخەکە بەزیان و زەرەری کۆماری خودموختاری مەهاباد و قازی محەممەد وەرچەرخا.

دوای ئەم سەفەرە هێزەکانی سوپای سووری سۆڤیەت، باکوری ئێران(و لەوانەش کوردستان)یان بەتەرتیب چۆڵ کرد و دوای ئەو کشانەوەیە ئیتر هێزەکانی سوپای ئێران بە فەرماندەیی سەرتیپ هومایونی لە[٣١] ١٠ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاویدا(١٩٤٦/١٢/١٧ز) هاتنە ناو شاری مەهابادەوە[٣٢].

سەرەنجام لە پازدەی سەرماوەزی ١٣٢٥ پاش سەقامگیر بوونی سوپا لە ناوچەکەدا، قازی محەممەد و هاوەڵەکانی دەستگیر دەکرێن و دوای پێکهاتنی دادگای سوپا، قازی لە شەوی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦هەتاوی(٣١/٣٠ مارسی ١٩٤٧ز) لە هەمان گۆڕەپانی چوارچرای مەهابادا لە سێدارەدرا.

لەیاداشتەکانی (عومەر علیار) لەمەڕ چۆنیەتی دەستگیرکرانی قازی محەممەد و رووخانی کۆماری مەهاباد، ئاوا هاتووە:

«...سوپای ئێران بەهۆی یارمەتیە هەمەلایەنەکانی ئینگلیز و ئەمریکاوە چووە ناو ئازەربایجان و کوردستانەوە، تا لەگەڵ لەبەر یەک هەڵوەشاندنەوەی کۆمارەکانی خودموختار، دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی شا بەرقەرار و سەقامگیر بکات. (کازم ئۆف) نمایندەی شوورەوی کەوەک وابەستەو پەیوەندییەکی بازرگانی لەمەهابادا دائەنیشت، دەیەویست کە قازی محەممەد رازیبکات لەگەڵ خزم وکەس و نزیکانی خۆیدا ئێران بەجێ بێڵێ و بچێتە سۆڤیەت، بەڵام قازی ئامادە نەبوو مەهاباد بەجێ بێڵێ. خەڵکیش نەڕۆیشتنی قازییان والێک ئەداوەیە کە قازی وتوویەتی:

«ئەگەر من بڕۆم و مە هاباد بەجێ بێڵم، ئەوا میللەتی کورد ئەخەنە ژێر ئازار و ئەشکەنجەوە، لێگەڕێ با من ببمە قوربانی گەلی کورد».بەڵام ئەو بۆچوون و لێکدانەوانە ناتوانرێت بەتەواوی بەڕاست وەربگیرێن، چونکە قازی فریوی گفت و بەڵێنەکانی قەوام سەڵتەنەشی خواردبوو بەوە کە بەڵێنی دابوو پشتیوانی لێبکات و مەهاباد بەجێ نەهێڵێ و مەسەلەکە تەنها مەسەلەی ئازاردان و نارەحەت کردنی میللەتی کورد نەبووە[٣٣].

کازم ئۆفی نوێنەری سۆڤیەتیش ناچار رۆیشتە ورمێ و قازی محەممەدیش بێهیچ جۆرە شەڕ و خوێنڕێژییەک، بۆ پێشوازی کردنی سوپای ئێران کە لە

بۆکان بوو، ڕۆیشت، و گەیشتە گوندی حەمامیان ماڵی مەحموود ئاغای ئیلخانی‌زادە کە کەوتۆتە دە کیلۆمەتری شاری بۆکانەوە و لەوێ چاوی بە سەرتیپ هومایونی فەرماندەی هێزەکانی ئێرانی -کە بۆ ناوچەکە نێردرابوون- کەوت؛ وە کاتێک لە حەمامیانەوە بەرەو مەهاباد گەڕایەوە، هەموو ئەو چەک و تەقەمەنی و کەل و پەلی جەنگی‌یەی هەبوو لە مەهاباد، لە نێوان بارزانیەکان و لایەنگرانی خۆیدا بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست هێزەکانی دەوڵەتی‌یەوە.

ئۆردووی دەوڵەتی،واتە هێزە سەربازیەکانی حکومەتی ئێران دوای چەند ڕۆژێک ڕاوەستان لە بۆکان، ستونێکی لەشکری بە فەرماندەیی سەرهەنگ عەلی ئەکبەر غەفاری لەرێی (بورهان)ەوە بە هاوکاری سوارانی عەلی ئاغای عەلی یار بە سەرپەرشتی ئیبراهیمی کوڕی، ڕەوانەی مەهاباد کرد. ئەوانە شەویان لە دێی کولیجە بەسەر برد و ڕۆژی دواتر سەرەتا سوپا و دوو ڕۆژیش دواتر عەشایەر هاتنە ناو شاری مەهابادەوە، لە کاتێکدا لەلایەن خەڵکی شارەکەوە هیچ جۆرە خۆشحاڵی‌یەک یان هەست و سۆزێک بە هاتنیان دەرنەبڕا و پیشان نەدرا.

پاش ئەوەی کە گشت هێزە دەوڵەتیەکان لە مەهاباد جێگیر بوون؛ ئنجا سەرتیپ هومایونی بڕیاری ڕیزبەستن و ئامادەبوونی ئێلات و عەشیرەتەکانی دەرکرد و لە ١٠ی بەفرانباری ١٣٢٥ی هەتاوی تەواوی سوارانی عەشایەر بە سەرپەرشتی ئیبراهیم عەلی یار و مام عەزیز ئەمیر عەشایەر، لەبەرامبەر سەرتیپ هومایونی و قازی محەممەددا ڕیزیان بەست و دوای تەواو بوونی ڕێ و ڕەسمەکە، سەرتیپ هومایونی لەگەڵ قازی محەممەددا بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ بۆ ماڵی قازی محەممەد بەرێکەوتن و لەوێ پێکەوە نانی نیوەڕۆیان خوارد و بۆ سبەی هەمان ڕۆژ فەرمانی چەک داماڵین لە عەشایەر لە لایەن سەرتیپ

هومایونی‌یەوە دەرچوو، و فەرمانەکە بە هەموویان راگەیەنرا کە هەرچی زووتـرە چەکەکانیان تەسلیم بە دەوڵەت بکـەن. عـەشـایەریـش چـەکـەکـانی خۆیـان بـە وەرگرتنی پسووڵە(رسید) تەسلیمی بەرپرسان دەکـرد و خۆشـیان بـە بـێ چـەک رەوانەی ماڵی خۆیان دەکرانەوە.

ئەوەی جێی سەرسووڕمانە ئەوەیە کە لە هـەوەڵـین رۆژەکانـدا، سـەرتیـپ هومایونی فەرماندەی سـوپای کوردسـتان، تاخۆقـایم کـردن و سـەقـامگیربوونی هێزەکانی لەناوچەکەدا و تا نانی نیوەڕۆی لە مەهاباد و لە ماڵی قازی محـەممـەددا خوارد، قسەوباسێک لە قۆڵبەستکردن و دەستگیرکردنی ئەو نەبوو.

لەو رۆژانەشدا سەدری قازی برای قازی محەممەد کە پێوەندی‌یەکی نزیکـی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتە (ئەحمەد قەوام)دا هەبوو، لـە تـاران سـەرقاڵـی هەوڵ و تەقەللا بوو تا بە-قەولی خۆی- ئەو نالێک حاڵی بوون(سوء تفاهم)انەی لە ئارادان نەهێڵێ و جڵەوگیری لە سەختگیـری و تونـد و تیـژی دەوڵـەت دژبـە خۆی و گەلەکەی بکات.

سەرەنجام لە ١٥/ی[٣٤] بـەفرانبـاری ١٣٢٥ی هـەتـاوی دوای جێگیربـوونی سوپا لە ناوچەکە، سەدری قازیشیان لە تاران دەستگیرکرد و هێنایانەوە بۆ مەهابـاد و هاوکات قازی محەممەد و محەممـەد حوسـێنی سـەیفـی قـازی و ئـەنـدامانی حکومەتەکەی و هاوکارەکانیشیان(کە٢٨کـەس بـوون-وەرگێـڕ) دەسـتگیرکردن و راپێچی زیندانیان کردن.

دوای دەستگیرکردنی قازی محەممەد و هاوڕێکانی و پێـک‌هێنـانی دادگـای سەربازی و دەرچوونی حوکمی لەسێدارەدان، ئەو بڕیارە بۆ جێ بەجێ کـردن بـە بەرپرسانی نیزامی تاران راگەیەنرا، بەڵام چونکە لێرەو لەوێ وت و وێژگەلێک بـۆ لـەبـەر چـاوگرتنی وەزعـی تاوانبـارکراوان(متهمـان) ئـەنجـام دە دراو لـە

لایەکی تریشەوە هێشتا شەڕ گەڵ بارزانیەکاندا دەستی پێ نەکردبوو، وەدەوڵەتیش لەو کاتەدا نەیدەویست توند و تیژیەکی بەکردەوەی ئالەو جۆرە پیشان بدات، بۆیە جێبەجێ کردنی ئەو حوکمە دواخرا، تائەوەبوو دوای هەشتا رۆژ لەگەڵ پەنا بردنی چەکدارە بارزانیەکان بۆ یەکێتی سۆڤیەت و پاش سەقامگیربوونی بارودۆخی ئەمنیەتی ناوچەکە، ئیتر دادگا بەسەرۆکایەتی سەرهەنگ(نجات الله ضرغامی) لە مەهاباد پێکهات و چونکە ئیدی هەندێ ئیعتیباری سیاسی و رەچاوکردنی تایبەتی لەئارادا نەمابوو، حوکمی دادگای تازە کە تۆمەتبارەکانی وەکو جاری پێشوو بە ئیعدام مەحکوم کردبوو، لە شەوی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦هەتاوی(٣١/٣٠ مارسی١٩٤٧ز) جێ بەجێ کراو لە مەیدانی(چوارچرا)دا لەهەمان ئەو جێگایەی کە کۆماری خودموختاری لێ راگەیەنرابوو، قازی محەممەد و سەدری قازی و سەیفی قازی بەدارا هەڵواسران و لە سێدارەدران»[٣٥]،[٣٦].

بەشی چوارەم

ئەنجام گیریی

١- ئامانجی سۆڤیەت لەسەفەرەکان و پشتیوانی کردن لە هەوڵەکانی قازی محەممەد

ئاشکرایە کە شوورەوی(سۆڤیەت) وەک رژێم یـان نیزامێکـی سۆشیالیسـتی، پشـتیوانی لـە حیزبـە سۆشیالیسـت و کۆمۆنیسـتەکـان لـە ئێـراندا دەکـرد، وەک پشتیوانی کردن لە حیزبی توودە وەیان پشـتیوانی کـردن لـە حیزبـی دیمـوکراتی ئازەربایجان(رووداو و جەرەیانی پیشەوەری).

بۆیە هەر لە هەمان گۆشە نیگاشەوە دەتوانین پشتیوانی و پشتگیری سۆڤیەت بۆ قازی محەممەد بۆ پێکهێنانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تـەفسیر بکـەیـن، بەڵام بە چاوپۆشین لەو خاڵە و بەسەرنجدان لە رەفتار و کـردەوەکـانی دەوڵـەتـی سۆڤیەت لە ماوەی ئەو شەش ساڵەی حزووریدا لە ناوچـەی مـەهابـاد، دەتـوانین بگەینە ئەو ئاکامە کە یەکیەتی سۆڤیەت دوو ئامانجی دیاریکراوی خۆی هـەبـوو لە پشتیوانی کردن لە قازی محەممەد و پێکهێنانی حیزبی دیمـوکرات و کۆمـاری خودموختاری مەهاباد؛ ئەو دوو ئامانجە لەبەر چاوگیراوەی سۆڤیەت بریتی بـوون لە:

یەکەم/ دەوڵەتی سۆڤیەت وەک رژێمێک کە هێزە سەربازیەکانی، ناوچەکانی کوێسـتانی بـاکوری کوردسـتانی ئێرانیـان داگیرکردبـوو، پێویسـتی بـە جۆرێـک

ڕێکەوتن و هەماهەنگی هەبوو لە کوردستاندا بۆ ئەوەی لەو ڕێیەوە دڵنیایی پەیا بکات کە هیچ زەرەرو زیانێک بە هێزەکانی ناگات.

بۆیە دەوڵەتی شۆرەوی ئانکو سۆڤیەت لە سەفەری یەکەمدا قازی محەممەد و سیاسەتمەدار و سەرۆک عەشیرەتەکانی بانگهێشت کرد، بەڵام چونکە سەرۆک عەشیرەتەکان کە سەرەکی‌ترینیان عەشیرەتی دەبۆکری بوو، پەیوەندییان لەگەڵ قەوام سەڵتەنەدا هەبوو[٣٧]، بۆیە لە دروستکردنی هەماهەنگی و یەکدەنگی لەنێوان ئەو دوو گرۆ(دەستەیە)دا سەرکەوتوو نەبوو.

بەڵام لە سەفەری دووەمدا، هەیئەتەکە یەکدەنگ و یەکگرتوو بوو، بۆیە دەوڵەتی سۆڤیەت پشتگیری و پشتیوانی ڕەسمی خۆی بۆ قازی محەممەد و هەنگاوەکانی ڕاگەیاند.

وە لەو لێکۆڵینەوەیەدا وەک سەرنجماندا، بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە هێزەکانی سۆڤیەت باکوری کوردستانیان داگیرکردبوو، لە لایەن کوردەکانەوە بەتایبەت لە لایەن لایەنگرانی قازی محەممەدەوە هیچ زیانێکیان پێ نەگەیشت.

دووەم/ ئامانجی‌تری دەوڵەتی سۆڤیەت لەم پشتیوانی‌لێکردنەدا، بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە یەکێتی سۆڤیەت پێویستی و نیازمەندی بە چەند پێگە و پارسەنگێکی سیاسی هەبوو دژ بە دەوڵەتی ئێران. بە شێوەیەکی گشتی ئێمە لە خەرمانانی ١٣٢٠هەتاوی(١٩٤١ز) بەدواوە شاهێدی ئەوەین کە دەوڵەتی سۆڤیەت لە بواری بەدەست هێنانی پێگەی سیاسی لە ئێراندا لە بەرامبەر ئینگلیزدا لە پاشەکشەدا بوو، واتە ئینگلیز لەو بوارەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو کە توانی بەهۆی گۆڕینی ڕەزاشا و لە جێگەدانانی محەممەد ڕەزاشا، دەوڵەتی ناوەندی ئێران بخاتە خزمەتی خۆیەوە.

بۆیە دەسەڵات پەیدا کردنی هەریەک لە حیزبی توودەی ئێرانی و حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەیتوانی چەند پارسەنگ یاخود چەند پێگەیەک بۆ سۆڤیەت دابین بکات تا لەو ڕێگەیەوە لە دەوڵەتی ناوەندی ئێران ئیمتیاز وەربگرێت(٣٨).

بۆیە دەبینین کە دوای وت و وێژ و ڕێکەوتنی قەوام سەڵتەنە سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی ئێران لەگەڵ هەیئەتی دەسەڵاتداریتی سۆڤیەتدا(٣٩)، سۆڤیەتیەکان لە باکوری ئێران دەچنە دەرەوە و حیزبی دیموکراتی کوردستان و قازی محەممەد بەتەنها بەجێ دێڵن(٤٠).

بەپێی نووسینی(ویلیام ئەنگلتۆن) لە کتێبی کۆماری ١٩٤٦دا، دوای دەرچوونی سۆڤیەت لە کوردستان لە(ئاندرە گرۆمیگۆ)کە ئەو کاتە نوێنەری هەمیشەیی سۆڤیەت بوو لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پرسیار کرا:

«... ئێستا کە سوپای سوور لە ئازەربایجان و کوردستان دەردەچێت، ئایا بارودۆخ و چارەنووسی کوردەکان چی دەبێت؟ ئەویش بەم شێوەیە وەڵام ئەداتەوە:

ئەم کارە کێشەیەکی ناوخۆیی ئێرانە و ئێمە مافی دەستتێوەردانمان لە کاروباری ناوخۆی وەلاتانی تردا نی یە...»!

٢- تەفسیر و لێکدانەوەی نادیار و یەک لایەنە لە بارەی قازی محەممەد و چۆنیەتی پێکهاتنی حیزبی دیموکرات و کۆماری خودموختاری مەهاباد

لەژێر رۆشنایی ئەوەی کە لە هەردوو بەشـی دووەم و سـێیـەمدا خسـتمانە روو، لە لێکدانەوە و راڤەکردنی هەل و مەرجی سیاسی و- کۆمەڵایەتی سە ردەمی قازی محەممەددا، سێ تەوەرە(محور) پشتگوێ خراون:

١- ئاتاجی و نیازمەندی خەڵکی مەهاباد بە ئەمن و ئاسایش لـە بـەرامبـەر هێزەکانی رووسی و ئەگەری هێرش و پەلاماری عەشایەر و ئەو دەورو رۆڵەی کە قازی محەممەد لەو بوارەدا گێرای.

٢- دروست بوون و شکڵ گرتنی کۆمەڵەی(ژێ،کـاف)، مـەسـەلـەیـەکـی پێشووترو(سابقە) دار بووە و دەبێ خاڵی دەسـتپێکردنی سـەرەتـا بـۆ کوردسـتانی سەربەقەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی یەکەمی جیهـانی و دواتـریش بـۆ شاری سلێمانی(کوردسـتانی ئێسـتای عێـراق) لـە نێـوان دوو شـەڕی جیهـانیدا، بگێڕدرێتەوە و حسابی بۆ بکرێت، نەک لە هەوڵەکانی قازی محەممەدەوە.

٣- مەسەلەی ئامادەگی و نفوزی سیاسی کەسـانی دەوڵـەتـی سۆڤـیەت لـە پێکهاتنی حیزبی دیموکرات و کۆماری خودموختاری مەهاباددا.

بێ ئاگابوون لەو خاڵانەی سەرەوە و خۆ لەقەرە نەدانیان، بەر لە هەمووان لـە راڤە و لێکدانەوەکانی سـەرانـی حیزبـی دیمـوکرات و توێژینـەوەکانیانـدا رەنـگ ئەداتەوە؛ چونکە هیچ چەشنە روونکردنەوەیەک لەمەڕ ئەو راستیانەوە راناگەیەنن؛ بەڵکو میللەتی کورد بۆ رێگایەک بانگ دەکەن کە قازی محەممـەد سـەری خـۆی لەپێناویدا نایەوە.

پەراوێزەکان

١- بگەڕێوە بۆ بەرنامەکانی دەنگی کوردستان (رادیۆی حیزبی دیموکرات) بەتایبەت توێژینەوە و لێکدانەوەکانی ئەو رادیۆیە بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری خودموختاری مەهاباد لە دووی ڕێبەندانی هەر ساڵێکدا.

٢- لانی کەم تا ساڵی (٦٥ی هەتاوی- ٨٦ز) ئەو حیزبە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی وا کە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا پێوەندی بە مەسەلەی قازی محەممەدەوە هەبێت دەرنەخستووە.

تێبینی وەرگێڕ: عەبدولرەحمان قاسملو ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی (١٩٨٦ز) چاپی یەکەمی بەرگی یەکەمی کتێبی (چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی) بڵاوکردەوە، کە بریتی‌یە لە کورتەیەک لە مێژووی (ح.د.ک.ئ)، دیارە لە نووسراو و ئەدەبیاتی دواتری حیزبی ناوبراودا لێکۆڵینەوە و بابەتی زۆر بڵاوکراونەتەوە لە بارەی قازی محەممەدەوە، بۆ نموونە جگە لەو کتێبەی سەرەوە ڕۆژنامەی (کوردستان) ئۆرگانی حیزبی نێوبراوم لە بەر دەستە کە وتارێکی دوور و درێژی لە سەر قازی محەممەد تێدایە بە پێنووسی جەلیل گادانی . کوردستان ژ/٣٠٧/ ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٨٠هەتاوی/١٠ی ئەبریلی ٢٠٠١،

٣- ئەم ئامانج و بانگەشەیەی سەرەوە، لە مەرامنامە و بڵاوکراوە و پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبی دیموکرات وەرگیراوە، کە لە بەشی سەرچاوەکان لە کۆتایی ئەم نووسینەدا ئاماژەیان پێدراوە.

٤- لە بەر ئەوەی کە ناوەڕۆکی ئەم نووسینە بریتی‌یە لە سەرنج و لێکۆڵینەوە لەمەڕ پێشەکی دووەمی ئەم بەڵگەکاری‌یە، بۆیە ڕەنگە ئەو پرسیارە بۆ خوێنەر بێتە پێشەوە کە مەگەر (پێشەکی) یەکەم ڕەخنە هەڵناگرێت و جێی سەرنج نی‌یە، ئایا میللەتی کورد میللەتێکی جیاواز لە میللەتی ئێران و سەربەخۆیە؟! خوێنەری بەڕێز دەتوانێ سەیری کتێبی (کرد و پیوستگی تاریخی و نژادی او) نووسینی دکتۆر ڕەشید یاسەمی بکات کە بە دوور و درێژی وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە.

تێبینی وەرگێڕ : وادیارە رای نووسەری ئەم کتێبە وایە کە کورد گەلێکی سەربەخۆ و جودا لە میللەتی ئێران نەبێت، کە بە ڕاستی ئەمە بۆ خۆی جێگای سەرنجە...چونکە کورد میللەتێکی سەربەخۆ و خاوەنی تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆیەتی و خاوەنی هەموو توخم و کۆڵەگەیەکی پێکهاتنی نەتەوەیی‌یە لە خاک و زمان و نەژاد و ...هتد. میللەتی ئێرانیش تەنها لە گەلێک و ڕەگەزێک پێک‌نەهاتووە، بەڵکو لە ئێراندا چەندین گەل و ڕەگەزی جیاواز دەژین کە هەمووشیان خاوەنی تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆیانن لە چوارچێوەی ئێراندا، وەکو گەلی(کورد و ئازەری)...

خۆ ئەگەر مەبەست گەڕانەوە بێت بۆسەر سەرچاوەی نەتەوەی کورد کە میدی‌یەکانن، چونکە زۆر مێژوونووس وایان خەملاندووە و دانیان بەوەدا ناوە کە سەرچاوەی ئەم گەلە بۆ ئەوان واتە بۆ(میدی‌یەکان) دەگەڕێتەوە؛ ئەوا لەو حاڵەتەشدا ئەوە ناگەیەنێ کە کورد بەشێک لە ئێرانیەکان یاخود(فارسەکان)بن،

چونکە لە لایەکەوە زۆرێک لە توێژەرەوە و مێژوونووسان چەندین بۆچوون و تیۆری جیاجیایان خستۆتە ڕوو نەک لە بارەی تەنها کوردەوە؛ بەڵکو لە بارەی گەل و ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کە بۆ چ ڕەگەز و نەژادێک نسبەت ئەدرێن، چونکە سروشتی‌یە لە ئەنجامی شەڕ و شۆڕ و لەشکرکێشی و جیاوازییە بەردەوام و یەکتر کوێرکردنەوەکان و ... هتد یەوە زۆر گەل و ڕەگەز و زمان و خسوسیاتی نەتەوەیی‌یان، کەوتبنەبەر هەڕەشەی جددی لەناو چوون و توانەوە و پاشان ئەستەم بوونی دیاری کردنی سەرچاوە و زێد و نیشتمانی ئەسڵی و تایبەتی خۆیان کە لەو بارەوە کۆمەڵناسان و مێژوونووسان قسەی زۆریان هەیە.

لە لایەکی تریشەوە میدی‌یەکان چەند سەدەیەک پێش فارسەکان هاتوونەتە ئێرانەوە و دەوڵەت و شارستانێتی تایبەتی خۆیان دروست کردووە.

لەو بارەوە د.کمال مەزهەر لە کتێبی(چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد)دا دەڵێ:

«... بەڵێ ئەوا وتمان میدیەکان کە سەرچاوەی گەلی کوردن بە فارسی دەدوان، کەواتە فارسەکان و میدیەکان هەردووکیان یەک گەل بوون، چونکە زمانیان یەک بووە.

ئەگەر وابێت ئەوساکە ئەم دوو پرسیارە ڕێگەمان لێ ئەگرێت و بە درۆمان دەخاتەوە:

یەکەم : ئەگەر ئەم دوو گەلە یەک بووبن و جیاوازی‌یان نەبووبێت لە زمانا، ئەی چۆن میدی‌یەکان ماوەیەکی دوور و درێژ فارسەکانیان خستە ژێر دەستی خۆیانەوە؟

دووەم : بۆچی فارسەکان هەوڵی جیابوونەوەیان دەدا لە دەوڵەتی میدیی‌یەکان بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی نوێی سەربەخۆ دابمەزرێنن؟

هیچ وەڵامێک نی‌یە لەوە زیاتر کە بێ‌گومان زمانیان جیاواز بووە لە زمانی میدی و گەلانیش بەزمان و شێوەلێک جیادەکرێنەوە ...».(بەشی یەکەم/ لاپەڕە١٩..چاپی ١٩٨٥/بەغدا.)

لە کۆتایی‌دا بەوتەیەکی مێژوو نووسی فارس(حەسەن ئەرفەع) دوماهی بەم تێبینی‌یەم دێنم کە ناوبراو دوای باسکردنی زمان و نەژادی کوردان و ئەوەکە زۆرێک لە مێژوونووسانی عەرەب و خۆرهەڵاتناسی ئەورووپی لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا هەوڵیان داوە کە بە هۆی لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناسی و نەژادناسی‌یەوە، بنچینەی کوردان دیاری بکەن .. دەڵێت:

« .. هەروەها زۆر تیۆر و بۆچوونی‌تر لە لایەن دەوڵەتانی بەدەسەڵاتی خۆرهەڵاتی نیوەڕاست هێنراونەتە گۆڕ بۆ ئەوەی کوردەکان بۆ چەند میللەتێکی‌تر وەکو تورک و غەیرە، بگێڕنەوە. بەڵام ئەم تیۆرانە لە ئەسڵدا بە مەبەستی تەماحی سیاسی بووە و لە ڕووی نەژاد ناسی‌یەوە هیچ ئەرزش و بایەخێکی نی‌یە ..».بڕوانە(کردها و یک بررسی تاریخی و سیاسی)حسن ارفع ل٨-٩.

٥- جەنگی جیهانی دووەم لە ٢ی ئەیلولی ١٩٣٩ز دەستی پێکرد و لە ٩ی ئایاری ١٩٤٥ز کۆتایی پێ‌هات. (وەرگێڕ)

٦- قاسملۆ-د.عبدالرحمن لە بارەی جوگرافیا و ڕووبەرو ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی ئێرانەوە دەڵێت:

«کوردستانی ئێران بە چوار ئوستانی ڕۆژئاوای ئێران دەگوترێ کە بریتین لە : ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان، کرماشان و ئیلام. دەوڵەتی ئێران بەڕەسمی هەر ئوستانی کوردستان کە ناوەندەکەی سنەیە بە کوردستان ناودەبا.

پێوانەی کوردستان ١٢٥/٠٠٠کیلۆمیتری چوار گۆشەیە، کە دەکاتە سەدی هەشتی(٨٪) خاکی ئێران. ژمارەی دانیشتووانی کوردستان ٧ملیۆنە، کە هەڤدە لەسەدی هەموو دانیشتووانی ئێرانە. لەو ٧ میلیۆنە ٣میلیۆن لە شارەکان دەژین. (ژمارەکان پەیوەندیان بە کاتی نووسینی کتێبەکەوە هەیە و ئێستا زۆر زیادیان کردوە، وەرگێڕ) لە زەمانی پێکهاتنی کۆماری کوردستاندا ، ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی ئێران ٣میلیۆن کەس بوو، کە لەوانە ٣٠٠/٠٠٠ نەفەریان لە شارەکان ژیاون . لە ماوەی چل ساڵدا ژمارەی دانیشتووانی شارەکان دە هێندە زیادی کردووە و هێندێک شاری زۆر گەورە لە کوردستان پەیدا بوون. ئەمڕۆ شاری کرماشان لە یەک میلیۆن زیاتر دانیشتووی هەیە ...». بڕوانە چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، عبدالرحمن قاسملو، بەرگی یەکەم/ چاپی دووەم ١٩٨٨/ ل ١٤. (وەرگێڕ)

٧- ڕەنگە نووسەر زانیاری تەواوی لەسەر کوردستان و شارەکانی نەبێت، ئەگینا جگە لەو شارانەی بەڕێزیان باسی کردوون شاری دێرین لە کوردستان زۆرن وەک شاری کەرکوک و شاری هەولێری دێرین کە مێژووی دروست بوونی نەک سەدان بەڵکو بۆ هەزاران ساڵ و پێش زایینیش دەگەڕێتەوە ..! (وەرگێڕ)

٨- زانیاریەکانی سەرەوە لەمەڕ شاری مەهاباد تا ئەو جێگایەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە پێویست بووە، وەرگیراوە، و خوێنەری بەڕێز دەتوانێ بۆ زانیاری و

شارەزایی زیاتر لە بارەی بارودۆخی جوگرافی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەو شارە، بگەڕێتەوە بۆ ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

لاپەڕە ٥٣ تا ٥٤ی کتێبی ئەنگلتۆن، و بەتایبەت کتێبی (مێژووی مەهاباد) نووسینی محەممەدی سەمەدی، (ئینتیشاراتی سەییدیانی مەهاباد).

٩- قازی محەممەد مەلایەکی کورد بوو کە توانی لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٦ز)دا کۆمارێکی خودموختاری تەمەن یەک ساڵە لە شاری مەهاباددا پێکەوە بنێت کە لە گەڵ دەرچوونی سوپای سووری سۆڤیەت (شۆڕەوی) لە باکوری ئێران، ئەو کۆمارەش رووخاو قازی دەستگیر کراو پاشان لە سێدارە درا.

لە بارەی قازی محەممەدەوە، ئەنگلتۆن نووسەری کتێبی(کۆماری مەهاباد) بەم شێوەیە دەنووسێ:

«قازی محەممەد، کوڕی قازی عەلی، یەکێ لە بەڕێزترین و بە نفوزترین قازیەکانی رۆژگاری خۆی و نەوەی قازی قاسم بوو... هەروەک لەو رۆژگارەدا باو بووە، قازی دەخرێتە بەر خوێندن و لە قوتابخانە دائەنرێ تا لای باوکی دەرس بخوێنێ... بەرلەوەی لە لایەن باوکییەوە وەک قازی دیاری بکرێت، سەرۆکی فەرمانگەی ئەوقافی مەهاباد دەبێ». (لاپەڕەی٦١-٦٢) ئینتیشاراتی سەییدیانی مەهاباد.

١٠- قازی محەممەد ڕۆژی ١١ی بانەمەڕی ١٢٧٩ی هەتاوی (١ی ئایاری ١٩٠٠ز) لە شاری مەهاباد لەدایک بووە، کاتێ لە سێدارە دراوە تەمەنی لە (٤٧) ساڵی دابوو. ڕابردووی ئەو بنەماڵەیە وەک جەلیل گادانی دەڵێ لە شاری مەهاباد بۆ چوار سەدە پێشتر دەگەڕێتەوە، نەتەنیا لە لای خەڵک بەڵکو لە لای دەسەڵاتدارانیش و بەرپرسانی حکومەتیش جێی ڕێز و تەقدیر بوون.. لە شەڕی

یەکەمی جیهانی‌دا پیاوی وەک میرزا فەتتاحی قازی‌یان لە بەرەنگاری راستەوخۆ لە گەڵ ڕووسان لێ شەهید بوو، کوڕە لاوەکانیشی(سالار و محەممەد) بە دیل گیران و بۆ شوێنە دوورەکانی ڕووسیەی ئەو کات بەڕێ کران و تا شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەر لە ئەسارەت‌دا بوون. قازی عەلی باوکی پێشەوا، لە ١٩٣٠ز لە مەهاباد، ڕێکخراوێکی کوردی بە ناوی«بزووتنەوەی محەممەد» پێک‌هێنا. ناوبراو لە گەڵ جووڵانەوەی شێخ محمد خیابانی لە تەورێز پێوەندیان هەبوو، تا ساڵی ١٩٣٤یش کە فەوتی کردووە لە سەر ئەو کارە بەردەوام بووە.

قازی محەممەد زۆری حەز بە تێکەڵاوی دەگەڵ ئەهلی فەزڵ و زانایانی کاتی خۆی و پیاوچاکان و سەرۆک عەشیرەتەکان و کوردە نیشتمان پەروەرەکاندا هەبووە.

قازی هەروەها ڕۆشنبیرێکی بەتوانا بووە لە کاتی خۆیدا لە زانستە نوێکان و ڕووداوەکانی جیهان و بارودۆخی دنیا شارەزا بووە و زمانەکانی کوردی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی و عەرەبی و فەڕەنسی و ڕووسی(هەندێ دەڵێن ئازەریشی) زانیوە، لە زانستەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی‌دا دەستێکی باڵای هەبووە، جل و بەرگی مەلایەتی دەپۆشی(کە عەبا و مێزەر بوون)، بەڵام دواتر تەنها مێزەرەکەی هێشتەوە و عەباکەی لادا بوو. قازی زۆر لای خەڵک خۆشەویست بوو چونکە لێیان نزیک بوو و مشووری دەخواردن و بەدەم گیر و گرفتیانەوە دەچوو بەتایبەت خەڵکی مەهاباد، بۆیەش بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا خەڵک خۆی نازناوی «پێشەوا»ینان پێدا بوو..

بۆ زیاتر شارەزا بوون لە بارەی کەسایەتی قازی محەممەد بڕوانە:

-چل ساڵ خەبات لە ڕێی ئازادی/قاسملو بەرگی یەکەم/ ل ١١٨-١٢٨

-کردها و یک بررسی تاریخی و سیاسی/حسن ارفع

-ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣٠٧ی ڕۆژی ١٠ی ئاوریلی ٢٠٠١ ، وتارێک لەبارەی شەخسیەتی قازی محەممەدەوە بە قەڵەمی جەلیل گادانی. (وەرگێڕ)

١١- بڕوانە دەستنووسی سەیید قادر جەعفەری خەڵکی مەهاباد و لێکۆڵەرەوە لە بواری سەرچاوە کوردیەکاندا. ئەم دەستنووسە لە کتێبخانەی پارێزگای کوردستان(واتە سنە- وەرگێڕ) دەست دەکەوێت.

١٢-لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا ڕووسەکان لە شاری مەهاباد و دەورووبەریدا دوای قەتڵوعامی زیاتر لە سەدان کەس لە خەڵکی بێتاوان و ئاگر تێبەردانی تەواوی بازاڕی شارەکە، ئەوێیان بەجێ‌هێشت. یادەوەری ئەم کۆکوشتارە هەروا لە بیری خەڵکیدا مابۆوە، بۆیە خەڵکی ئەو ناوچەیە زۆر ترسیان لە ڕووسەکان هەبوو، (بە پێی نووسینەکانی نیکیتین، لە کتێبی ئەو ئێرانەی کە من ناسیم). فەرماندەی ئەم قەتڵ و عام و کۆکوژییە، ژەنەڕاڵێک بووە بەناوی ڕیبال چینکۆ. چاپخانەی مەعریفەت، نووسینی نیکیتین، وەرگێڕانی فرەوشی(هومایونی پێشوو) لاپەڕە ٢٠٧ و ٢٠٦ و ٢٠٥ ، لەگەڵ پێشەکی «ملک الشعرای بهار» مێژووی ١٣٢٩ی هەتاوی. هەروەها بۆڵتن(نووسراو)ی مەهاباد دوێنێ و ئەمڕۆ، چاپەمەنی شارەوانی مورخ ١٣٥١ی هەتاوی.

١٣- بێ هۆ نییە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان دوای تێپەڕبوونی چل ساڵ، یەکێک لە هێزەکانی خۆی بەناوی پێشەواوە ناو ناوە.

١٤- بڕوانە نووسراوی: چاوخشاندنێکی‌تر بە ژێ‌کاف‌دا، بیرەوەری یەکێ لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێ‌کاف مەلا قادری مودەڕریسی، پایزی ١٣٦٣هەتاوی(١٩٨٥ز). ئەم نووسراوە لە کتێبخانەی پارێزگای کوردستاندا دەست دەکەوێت.

١٥- خوێنەری بەڕێز پێویستە ئەوە بزانێ کە تا پێش شەڕی چاڵدێران کە لە نێوان سەربازانی شائیسماعیلی سەفەوی و سوڵتان سەلیمی عوسمانیدا لە ناوچەی چاڵدێران کە کەوتۆتە ناوچەی ماکۆی ئێران، ڕوویدا، هەموو ناوچە کوردنشینەکان بەشێک بوون لە خاکی ئێران و پاش تێشکانی ئێران لەو جەنگەدا دوسێیەکی ٢/٣ ناوچە کوردییەکانی ئێران کەوتنە ژێر دەسەڵات و قەڵەمڕەوی عوسمانی(واتە کوردستانی ئێستای عێراق و تورکیای ئێستا).

وە لە دوای شەڕی ناوبراوەوە ئێمە شاهێدی چەندین دەرگیری و تێکهەڵچوونین لە شانۆی سیاسی کوردستان، چونکە لە لایەکەوە دەوڵەتانی ئێرانی هەوڵیان ئەدا کە عەشیرەتە کوردەکان بەناوی ئێرانی بوونەوە بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و دژ بە دەوڵەتی عوسمانی بەکاریان بێنن، و لە لایەکی دیکەشەوە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی ئەدا عەشیرەتەکانی کورد بەو ناوەوە کە سوننین دژی دەوڵەتی ئێران بەکار بێنێ.(بڕوانە کتێبی عالم آرای عباسی، انتشاراتی امیر کبیر).

تێبینی وەرگێڕ: نووسەر ئاماژەی بە شەڕی چاڵدێران کرد.. ئەم شەڕە لە ساڵی ١٥١٤ز بەرامبەر ٩٢٠ی کۆچی مانگیدا ڕوویداوە و دواتر بە پێی پەیمانێک کە لە نێوان شاعەبباس و سوڵتان موورادی عوسمانیدا بەسترا ساڵی(١٦٣٩ز) دابەشبوونە کە ڕەسمییەتی پێدرا، تا ئێستاش سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵات گۆڕانێکی وای بەسەردا نەهاتووە و وەکو خۆی ماوەتەوە..

بەڵام بەڵاو نەگبەتی گەورە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و بە پێی پەیمانی شوومی سایکس‌پیکۆ ڕوویدا کە کوردەکانی عوسمانی لە نێوان سێ دەوڵەتدا دابەشکران کە(عێراق، تورکیا، سوریا) بوون و هەندێکیش بۆ یەکێتی سۆڤیەت کران بە دیاری، ئەمە جگە لە بەشە خێرەکەی ئێران و هەرچی خەون و خولیا و

ئاواتی کوردان بوو زیندەبەچاڵ کران و تا ئێستاش ئەم گەلە هەربە دابەشکراوی و پەژموودەیی و دوور لە ئازادی و مافی ئینسانی لەم چەرخی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و جیهانگەرایی‌یەدا !! ژیان دەباتە سەر.

١٦- دوو پیتی ژێ،کاف کورتکراوەی دوو وشەی کوردین واتە(ژیاندنەوەی-کوردستان)، وە کۆمەڵە یانی(جمعیت)، کەوا بوو مانای کۆمەڵەی ژێ،کاف بە کوردی دەبێتە: کۆمەڵەی نوێکردنەوەی ژیانی کوردستان/سەیری کتێبی ئەنگلتۆن(هەمان سەرچاوە) لاپەڕە ٦٧، بکە.

١٧- سەبارەت بە ڕێ و شوێن و ئادابی ئەندامبوون لەو کۆمەڵەیەدا ئەنگلتۆن لە لاپەڕە ٦٧ی کتێبەکەیدا ئاوا دەڵێت:

هاتنە نێو ریزی ئەو کۆمەڵەیە بەم شێوەیە بوو کە سەرەتا ئەو کەسەی دەبووە ئەندام دەبوایە بڕواتە گەرماو(حمام) و لە ڕووی شەرعی‌یەوە خۆی پاک و خاوێن بکردایەوە ئنجا زۆر بە نهێنی بڕواتە لای سێ کەس لە ئەندامە کۆنەکان و حەوت جار سوێند بە قورئان بخوات بۆ لە بەر چاو گرتنی ئەو شەش مەرجەی بۆ ئەندامیەتی دانرابوو.

تێبینی وەرگێر:ئەو ئەندامە تازەیە غەیری ئەو سێ کەسە نەدەبوو هیچ کەسێکی دیکە بناسێ، بڕوانە(ژێ،کاف) چبوو، وە چی دەویست و چی لێ بەسەرهات؟ سەیید محەممەدی سەمەدی/ ١٩٨١ز،ل١٤. (وەرگێر)

١٨- وانازانم کۆمەڵەی ژێ،کاف لە کوردستانی عێراق دروست بوو بێ، بەڵکو لە مەهاباد و لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی بەرامبەر١٦ی ئابی ١٩٤٢ز پێکهات، ئەوەندە هەیە کە پەیوەندی توند و تۆڵ لە نێوان ژێ،کاف و حیزبی هیوادا هەبووە کە ڕێکخراوێکی کوردی عێراق بوو لە لایەن چەند

ڕۆشنبیرێکی کوردی عێراقی بە سەرۆکایەتی ڕەفیق حیلمی و مەحموود جەودەتەوە دامەزرابوو لەساڵی ١٩٣٩ز کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ژێ،کافەوە نوێنەری خۆیان ڕەوانەی مەهاباد کردبوو کە (میرحاجئەحمەد) بوو و بەشداری یەکەم کۆبوونەوەی ژێ،کاف دەکات، ناوبراو ئەفسەرێکی سوپای عێراق بوو.. هەر ئەم پەیوەندییەش نووسەر خۆی دوایی ئاماژەی پێدەکات..

١٩- بڕوانە پەراوێزی(١٧)..

٢٠- بەڵام بە پێی لێدوانی (مەلا قادر مودەڕڕیسی) یەکێک لە دامەزرێنەرانی ژێ،کاف، ژمارەی دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە یازدە کەس بوونە کە بریتین لەمانە:

محەممەدی نانەوازادە، عبدالرحمن زەبیحی، حوسێنی فروهەر، عبدالرحمن ئیمامی، قاسمی قادری، مەلا عەبدوڵڵای داودی ناسراو بە مەلای حەجۆکی، محەممەد یاهوو، مەلا قادر مودەڕڕیسی، سەدیقی حەیدەری، عبدالرحمانی کەیانی، وە میرحاجی عێراقی کە لە پێکهاتنی تۆخمی ژێ،کافدا لەوێ بووە..بڕوانە(محەممەدی سەمەدی/ژێ،کاف چبوو..؟سەرچاوەی پێشوو ل١٥). (وەرگێڕ)

٢١- لەم بارەیەوە جەلیل گادانی دەڵێت:

«... قازی لەبەر حورمەتی تایبەتی کە بۆ ژ-کی هەبوو، بناغەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتیشی هەر بە ٢٥ی گەلاوێژ بنچینەی دامەزرانی ژ-ک دانا و هەر بۆیەش سەرنجی زۆربەی نێزیک بەتەواوی بەرپرسانی بۆ تێکۆشان لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕاکێشا..». ڕۆژنامەی کوردستان/ژ،٣٠٧ (وەرگێڕ)

٢٢- ئەڵبەتە لە میانەی ئەم لێکۆڵینەوەیەماندا بۆمان دەرکەوت کە ئاغای عەبدولرەحمان ڕەسولی برای بچوکی دڵشاد ڕەسولی یەکەمین سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە عێراق کۆچی دوایی کردووە، لەو باوەڕە دایە کە قازی محەممەد لە ماڵی ئەواندا سوێندی خواردووە(ئەم کەسە ئێستا لە ژیاندایە) و ئەو قورئانەشی کە سوێندی پێ خواردووە هێشتا لە ماڵەکەی ئەواندا ماوە.

٢٣- قازی محەممەد، عەلی ئاغای عەلی یار، سەرۆکی عەشیرەتی مەجیدخان، ئەمیر موکری، عەلی خان نەوزەری مەنگوڕ، بایەزید ئاغا عەزیزی گەورک، محەممەد حوسێنی سەیفی قازی، ڕەشید بەگی هەرکی، زێرۆ بەگی هەرکی، سەرتیپ شکاک، حەسەن تیلکۆ شکاک، کاک هەمزە قادری مامەش، ئەحمەد خانی فارۆقی فەیزوڵڵا بەگی، حەسەن عومەری شکاک، محەممەد ئاغا وسوق قاسملو، محەممەد ئەمین بەگ فەیزولابەگی، تروی سەیید تەها و قویطاس مامەدی شکاک.

٢٤- مەنافی کەریمی، عەلی ریحانی، قاسمی موهتەدی، محەممەد حوسێنی سەیفی قازی، عەبدوڵڵای قادری مامەش، هەمزە نالوسی مامەش، نوری بەگی هەرکی.

٢٥- باقرۆف ئەوکاتە سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان بوو، بەڵام ناوبراو تەنها وەک سکرتێری ئەو حیزبە یاخود وەک سەرکۆماری ئازەربایجانی شۆرەوی قسەی نەدەکرد، بەڵکو بەناوی یەکێتی سۆڤیەتیەوە قسەی لەگەڵ شاندی کورددا دەکرد و پێی ڕاگەیاندن کە بەگشتی ئامادەن پشتیوانی لە بزاڤی کورد و پێکهێنانی حکومەتێکی میللی لە کوردستانی ئێران بکەن، ناوبراو پیاوێکی خاوەن

دەسەڵات و نفووزێکی زۆر بوو لە دەزگای سۆڤیەتی‌دا و بەدەسەڵات و لەخۆڕا دیتنێکی تەواوەوە دەدوا و جێی باوەڕ و متمانەی (ستالین) و هەمەکارە و دەستڕۆیشتووی ئازەربایجانی سۆڤیەت بوو..

جێی سەرنجە کە دوای مردنی ستالین لە ساڵی١٣٣٤ی هەتاوی‌دا باقرۆف لەگەڵ بێریا کە وەزیری ناوخۆی سۆڤیەت بوو، هەردووکیان دادگایی دەکرێن و لە سێدارە دران. لە دادگادا دەرکەوت کە باقرۆف لە کوشتنی (٢٠)هەزار کەس بەرپرسیار بووە و یەکێک بووە لە تاوانبارانی جەنگ !! بڕوانە(چل ساڵ خەبات/ قاسملو ب١،سەرچاوەی پێشوو ل ٦٤، ١٥٢، ١٥٣). (وەرگێڕ)

٢٦- بەڵگەنامەکانی پەیوەندیدار بەم دوو سەفەرەوە لە یادداشتنامە دەست نووسەکانی ئاغای عومەری عەلی‌یار کوڕی عەلی ئاغای عەلی‌یار، وەرگیراون، بەڕێزیان ئێستا هەر لە ژیاندایە و لە شاری مەهاباد دەژیت، ناوبراو لە هەر دوو سەفەری قازی محەممەددا ئامادەیی هەبووە و ڕۆڵی سەرەکی لەو دانیشتنانەدا بینیوە.بڕوانە/ دەستنووسی ناوبراو لە کتێبخانەی پارێزگای کوردستان‌دا.

٢٧- ئەنگلتۆن لە لاپەڕە(٢٨٠)ی کتێبەکەیدا، لەبەرامبەر وێنەیەکدا کە هێناویەتی، دەری دەخات کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٦ هەتاوی(١٧ی دیسەمبەری ١٩٤٥ز) وەختێک کە بوون و هاتنە مەیدانی حیزبی دیموکرات بە ئاگاداری خەڵک دەگەیەنرێت، ئاڵای ئێران جێی خۆی دەدات بە ئاڵای کوردستان.

تێبینی وەرگێڕ: ئاڵای کوردستان بریتی بوو لە سێ ڕەنگی سوور و سپی و سەوز بە پێچەوانەی ئاڵای ئێران، و لە خوار ڕەنگی سپی‌دا خۆرێک لەگەڵ دوو

گوڵە گەنم ڕەنگی کێشرابوو؛ دواتر ئاڵاکە ڕەسمیەتی وەرگرت و لە شارەکانی مەهاباد و شنۆ و نەغەدە و شوێنانی‌تر لەسەر فەرمانگەکاندا بەرز کرایەوە.

٢٨- لەو گۆڕەپانەدا (یەرماکۆف) لە کاتێدا لە ناو ئۆتۆمبێلە جیپی‌یەکەیدا دانیشتبوو، لە دوورەوەڕا تەماشای بەڕێوەچوونی جەرەیانی ئاهەنگ و ڕێ و ڕەسمەکەی دەکرد. لاپەڕە/١١٣ی کتێبی ئەنگلتۆن.

٢٩- لە لاپەڕە ٢٨١ی کتێبی ئەنگلتۆن‌دا، لە میانەی وێنەیەکدا، ڕاگەیاندنی کۆماری مەهاباد لە لایەن قازی محەممەدەوە لە مەیدانی«چوارچرا»دا لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی عەکسبەرداری کراوە و پیشاندراوە.

٣٠- لە زۆربەی سەرچاوەکاندا کە من ئاگادارم کابینەی حکومەتی کوردستان بە(١٣) کەس هاتووە کە (محەممەدی ئەییوبیان)یش بە وەزیری تەندروستی دیاری کراوە. لە هەندێ جێگاشدا ناوی وەزیرێکی‌تر بە ناوی (مەلا حوسەینی مەجدی) وەک وەزیری داد هاتووە.. (وەرگێڕ).

٣١- هاتنی سوپای دەوڵەتی ناوەندی بۆ ناو شاری مەهاباد لە ڕۆژی ٢٦/ی سەرماوەز (١٧/ی کانوونی یەکەم)دا بووە نەک لە ١٠ی سەرماوەزدا وەک دانەر نووسیویەتی، هەروەها دەستگیرکرانی قازی و هاوەڵەکانیشی لە مانگی بەفرانباردا بوو نەک سەرماوەز. (وەرگێڕ)

٣٢- درێژەی باسی چۆنیەتی هاتنی سوپای ئێران بۆ مەهاباد لە کتێبی (از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس، نووسینی نەجەفقولی پەسیان، ئینتیشاراتی بنگاه مطبوعاتی امروز، ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی‌دا) هاتووە.

٣٣- قاسملو لەو بارەوە دەڵێ: «.. پێشەوا قازی بە تاقی‌کردنەوە دەی‌زانی کە نابێ هیچ گومانێکی بەنیاز خراپی دەوڵەتی تاران هەبێ. بەڵام چونکە خۆی

بەرامبەر بەخەڵک بە بەرپرس دەزانی و دەی‌هەویست وەزعێکی‌وا پێک بێ کە خەڵکی کوردستان تووشی دەربەدەری وماڵوێرانی و کوشتار نەبن، ئەو خۆبەدەستەوەدانی بەڕێوبەرانی حیزبی دیموکراتی بە باش نەزانی، بەڵام پێی گوتن ئێوە بڕۆن من لەگەڵ خەڵکی مەهاباد دەمێنمەوە، هەروەها لە دوا چاوپێکەوتنی‌دا لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی‌دا ڕۆژی ٢٥ی سەرماوەز داوا لە پێشەوا دەکات لەگەڵ بارزانیەکاندا بچێ .. بەڵام پێشەوا قازی وەڵامەکەی هەر ئەوە بوو کە گوتی:

«دەزانم ژیانم دەکەوێتە مەترسیەوە بەڵام قەیدی نی‌یە، خەڵک بەجێ ناهێڵم» .. بەڵام ناوبراو لە دوایی‌دا دەڵێ:«لە ئاکامی لێکدانەوەی ئەو هەل و مەرجە نالەبارەدا بوو کە قازی محەممەد تووشی هەڵەیەکی مێژوویی بوو کە ڕۆژی ٢٥ی سەرماوەز لەگەڵ حاجی بابا شێخ و سەیفی قازی بە پیری سەرتیپ هومایوونەوە چوون بۆ میاندواو.. » (چل ساڵ خەبات .. ل١١٦).

هەروەها دەڵێن قازی محەممەد لە کاتی خواحافیزیدا لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی وتوویەتی:«من خۆم دەکەمە فیدای خەڵکی و هیچ کات وەک پیشەوەری و سەرانی ئازەربایجان ناکەم تا وڵاتەکەم شەلاڵی خوێن بێ و خەڵکی بە هەزاران بە کوشت بچن.(وەرگێڕ).

٣٤- لە ٩ی بەفرانبار(٣٠ی دیسەمبەری ١٩٤٦ز)دا بووە.(وەرگێڕ).

٣٥- وێڕای نووسەر، ئەم بابەتانەی سەرەوە لەگەڵ ڕاوبۆچوونی چەند کەسێک لە لێکۆڵەرەوانی مێژووی مەهاباددا بەراورد کراون.

٣٦- لە بارەی هەڵوێستی جوامێرانەی قازی محەممەد زۆر شت دەگێڕنەوە کە ئازایانە بەرپەرچی هەموو تۆمەتەکانی داوەتەوە و ئەو دەوڵەت و دادگای خستۆتە ژێر پرسیار و دادگایی کردوون و وتوویەتی کە ئەم ڕووداوانە هەمووی

ئەنجامی سیاسەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتە و ئێوە خۆتان یاسای بنەڕەتیتان لە ژێر پێ ناوە، هەروا وتوویەتی من لە مێژە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردووە سەربەرزانە پێشوازی لە مردن بکەم لەپێناو ئازادی میللەتەکەمدا...

هەواڵنێرێکی‌تر بەناوی (کیومەرس سالحی) دەڵێ:«من لە زۆربەی دادگا سەربازی و مەیدانیەکاندا وەک پەیامنێرێک بەشداریم کردووە، بەڵام هیچ کەسێکم بە قەد قازی محەممەد بە جەرگ و ئازا نەدیوە، لە کاتی دادگایی کردندا نەیدەزانی ترس چی‌یە زۆر بێ‌باکانە قسەی دەکرد و وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە».

ئەم ئازایەتی و چاونەترسی و چوون بەپیر پەتی سێدارەوە سەرنجی زۆر لەو ئەفسەرانەی سوپا و پەیامنێرەکانی ڕاکێشاوە، بۆیەش لە کاتی لەسێدارەدانی‌دا ئامادە بوو بە بێ چاو بەستن بچێتە بەر سێدارە .. بە پێی زۆر بەڵگەنامەش ئەمریکا و ئینگلیز لە پشتی دادگاکەوە بوونە و لە زیندانیشا هەوڵیان‌داوە پەشیمانی بکەنەوە ..

ئەوە ماوە بیڵێم کە دوای ئەم بڕیارە سەربازی‌یە هەموو جموجووڵێکی کوردانە قەدەغە کرا و ژمارەیەکی‌تریش ئیعدام کران و زمانی کوردی و چاپەمەنیەکان و چالاکی‌یە ڕۆشنبیری و سیاسیەکان یاساغ کران و زمانی فارسی کرایەوە بە زمانی ڕەسمی لە کوردستان و قوتابخانە کوردیەکان داخران و تێکدران، و کتێبە کوردیەکان سوتێنران، وە خەڵکی بە گشتی کەوتنە ناو بارودۆخێکی ئاڵۆز و پڕ لە ترس و لەرزەوە ... (وەرگێڕ).

٣٧- قەوام سەڵتەنە سەرۆک وەزیری ئەو کاتەی ئێران بە سەرنجدان لە بارودۆخی ئاڵۆز و نائارامی مەهاباد، عەلی یار سەرۆکی عەشیرەتی دەبۆکری

مەهاباد وەک فەرماندەیەکی خاوەن دەسەڵاتی تەواو(تام الاختيار)ی خۆی دیاری دەکات، تەنانەت دەسەڵاتی ئەوەشی پێ ئەدات کە پلەی لەشکریی بە عەشایری ژێر دەستی خۆی ببەخشێت، بە دەربڕینێکی دیکە قەوام سەڵتەنە لە بەرامبەر جەرەیانی قازی محەممەددا، پشتیوانی لە جەرەیانی عەشایری ناوچەکە دەکرد.

بڕوانە/ یادداشتەکانی دەستنووسی عومەر عەلییار/ هەمان سەرچاوە.

٣٨- ئیحسان تەبەری لە کتێبی(کژ راهە)لە لێکدانەوە و توێژینەوەی خۆیدا لەمەڕ ڕووداوەکانی ئازەربایجان و کوردستان، دەڵێت:

« ... بە کورتی، خەریک بوو کە بزووتنەوەی میللی لە ئازەربایجان و کوردستان(مەهاباد) سەربگرێ و بەو شێوەیە هێزێک(دەسەڵاتێک)لە باکوور پەیا ببێت کە بتوانێ تاران بخاتە ژێر تەئسیر و کاریگەری خۆیەوە ...» بڕوانە لاپەڕە٦٦.

دیسان هەرئیحسان تەبەری بەم شێوەیە درێژەی پێ ئەدات و دەڵێ:

« ... جەعفەر باقرۆف(خاوەن و سەرپەرشتیاری پڕۆژەی شۆڕشی میللی لە کوردستان و ئازەربایجان) سکرتێری یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی شۆرەوی، کاریگەرییان لەسەر(بێ‌ریا) هەبووە. باقرۆف خوازیاری خستنە ژێر کۆنترۆڵی ئازەربایجانی ئێران بوو، وە بە ئازەربایجانی باشووری لەقەڵەم ئەدا، و جارێکیان وتبووی:

ئەگەر پێنج ملیۆن ئازەربایجانی‌ی باشوور بخرێتە سەر سێ ملیۆن ئازەربایجانی‌ی باکووری‌یەوە، ئەو کاتە ئێمە دەبینە خاوەنی کۆمارێکی هەشت ملیۆنی و پلە و پایە و بەشداری من(باقرۆف) لە«پۆلیت بۆرۆ»(مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت)دا مسۆگەرە.

بێ‌ریا وەزیری ئاسایشی ستالین، کە لە ئەسڵدا زۆر لە باقرۆف مەمنوون و سوپاسگوزار بوو- لە ئەنجامی ناساندنی بێ‌ریا بە ستالین لە سەرەتای دەست‌بەکار بوونیەوە- لەو کارەدا دەستی هەبوو، چونکە بوونی باقرۆف لە پۆلین بۆرۆ لە دەستەبەندی ئەو هەیئەتە سیاسیەدا، بێگومان بە قازانج و سوودی ئەو تەواو دەبوو. بەڵام وانەزانین کە ستالین بە قسەی بێ‌ریا و باقرۆفی دەکرد، نەخێر، بەڵکو ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەو بەپێی بەرژەوەندی کات بوو، هەر وەختە چی بخواستایە ئەوەی دەکرد.

بۆیە دەبینین کە هەر ئەوەندە بارودۆخ گۆڕا، ئیتر بەدوادا چوونی نەخشەی ئازەربایجانیش بوو بەشتێکی مەحاڵ و ستالین پشتی لە خواستەکانی باقرۆف کرد و قسەی(مۆلۆتۆف) وەزیری دەرەوەی لە پێشتر دانا کە ناحەزی بێ‌ریا و باقرۆف بوو».

وە بەپێی کتێبی ئەنگلتۆن، ئەفسەرە رووسەکان لە ناوچەکەدا بەم شێوەیە بوون: ژەنەڕاڵ سەلیم ئاتاکشیۆف کە بەدرێژایی ماوەی دەسەڵات و نفووزی ڕووسەکان لە باکووری ئێراندا بەرزترین پلە و پایەی سیاسی هەبووە، وە سەلاحەددین کازم‌ئۆف ناسراو بە«کاک ئاغا» بەرپرسی ناوچەی مەهاباد و ورمێ ... ئەمانە بار و دۆخە سیاسیەکەیان خستبووە ژێر چاودێری خۆیانەوە و ڕۆڵی پێوەند و میانگیر(رابط)یان ئەبینی لە نێوان سەرکۆماری ئازەبایجانی سۆڤیەت و حیزبە دیموکراتەکانی ئازەربایجان و کوردستاندا.

٣٩- بەپێی بڕیارێک کە لە کۆتایی وت‌وویژەکانی سەرۆک وەزیرانی ئێران و سۆڤیەت لە مۆسکۆدرا، ڕاسپێردرا کە ئەو وت‌وویژانە لە تاران درێژەیان پێ بدرێت، ئەوە بوو لە کات‌ژمێر سێ‌ونیوی دوانیوە شەوی پێنج‌شەممە ١٥ی

خاکەلێوەی ١٣٢٤ی هەتاوی(ڕاستیەکەی ١٣٢٥ی هەتاوی-وەرگێڕ)بەرامبەر(٤ی نیسانی ١٩٤٦ز)لە کۆشکی وەزارەتی دەرەوەدا، وتوویژەکان لە نێوان ئێران و سۆڤیەت بە مۆر کردنی ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان قەوام سەرۆک وەزیر و سادچیکۆف باڵوێزی نوێی سۆڤیەت لە ئێران بەم شێوەیەی خوارەوە کۆتایی پێ هات:

١- هێزەکانی سوپای سوور لە مێژووی ٤ی خاکەلێوەی ١٣٢٥بەرامبەر بە ڕۆژی یەکشەممە(٢٤ی ئازاری١٩٤٦ز)یەوە لە ماوەی مانگ و نیوێکدا هەموو خاکی ئێران چۆڵ بکات.

٢- ڕێککەوتننامەی پێکهێنانی کۆمپانیایەکی هاوبەشی نەوتی ئێران و سۆڤیەت لە ٢٤ی مارس-ئازارەوە تا ماوەی حەوت مانگیتر بۆ دەنگ لەسەردان و پەسەند کردنی دەدرێتە ئەنجومەنی پازدەی ئێرانی(پەرلەمان).

٣- سەبارەت بە ئازەربایجان، چونکە پێوەندی بە کاروباری ناوخۆیی ئێرانەوە هەیە، هەوڵێکی ئاشتیخوازانە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی بە پێی یاسا و دەستووره باوەکانی وڵات و بەگیانێکی خێرخوازییەوە سەبارەت بە خەڵکی ئازەربایجان، لە نێوان دەوڵەت و خەڵکی ئازەربایجان دەدرێت و چارەسەر دەکرێت. (لاپەڕە١٣١/ کتێبی ئەنگلتۆن، هەمان سەرچاوە)

تێبینی وەرگێڕ: ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە کوردستان وەک بەشێک لە ئازەربایجان حسابی بۆ کراوە و کێشەکەی بچووک کراوەتەوە لە کەمایەتیەکی نێو ئێرانەوە بۆ کەمایەتیەک لە نێو ئازەربایجان و کێشەی کورد پشتگوێ خراوە و تەنها بە وشەیەکیش باسی لێوە نەکراوە ...!

٤٠- لاباسێکی گرنگ:

(لە وەرگێڕەوە)

سەبارەت بە هۆکارەکانی ڕووخانی کۆماری مەهاباد:

تەمەنی کۆماری کوردستان تەمەنێکی کەموکورت بوو کە تەنها ١١ مانگ بوو، کە ئەو ماوەیە بۆ هەر دەسەڵاتێکی سیاسی زۆر کەمە و دەرفەتی جێبەجێ کردن و ڕاپەڕاندنی ئەو بەرنامە و پرۆژانەی لە خەیاڵی دایە بۆی مەیسەر نابێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر شت ئەنجامدرا و خەڵکی بە گشتی هەستی بە ئازادی و ئارامی دەکرد و دزی و بەرتیل و بەرتیلکاری قەدەغە بوو، کوشت و بڕین کەم بوو بەڵکو هەر نەبوو تەنانەت یەک حاڵەتی کوشتن لە ماوەی ئەو ١١مانگەدا تۆمارکراوە، لە بواری سەربازی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و خوێندن و ... هتد...دا هەنگاوی باش نرا. بەڵام حەیف کۆمارەکە ڕووخاو تۆماری پێچرایەوە و چووە ناو لاپەڕەکانی مێژووەوە، پرسیار ئەوەیە بۆچی کۆمار ڕووخاو بەو ئاسانی‌یە ئاش بەتاڵی پێ‌کرا ..؟!

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەین پاشان سەرەکی‌ترینیان دەستنیشان دەکەین:

الف - هۆکاری ناوەکی:

١-نەبوونی تەجرووبەیەکی هاوشێوەی خۆی لە کوردستان و کەم ئەزموونی سەرانی سیاسی کۆماری کوردستان و حیزبی دیموکرات، کەوای کرد لە ڕووداوەکان دوا بکەون و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنێکی قووڵ و گونجاویان بۆ هاوکێشە و پێشهاتەکان نەبێت ..

٢- هێزی پێشمەرگە و سوپای کۆماری کوردستان، زیاتر هێزێکی عەشایەری و عەشیرەتی بوو و سەرۆک عەشیرەتەکان فەرماندەیی‌یان دەکرد و بە

قسەی ئەوانیش دەکرا لە بڕیاری جەنگ و ناجەنگ‌دا، وە سەرکردایەتی کۆمار ئەو کاریگەریەی نەبوو، جگە لەمەش ئەفسەری کەم تیابوو سەرۆک هۆزەکانیش هەریەکە و زیاتر لە بەرژەوەندی هۆز و عەشیرەتەکەی خۆیدا بوو و یەکدەنگ نەبوون و ڕکابەری زۆر لە نێوانیاندا بەدی ئەکرا..

٣- هۆکارێکی‌تر وەک خاڵی لاوازی سوپای کۆمار بریتی بوو لە نەبوونی دیسپلینی جەنگی پێویست لە نێو هێزی چەکداردا و نەبوونی ئەزموونی شەڕ و مەشقی سەربازی تەنها بارزانی‌یەکان کە لە کوردستانی عێراق شەڕیان بینیبوو، باقی‌تر کەم ئەزموون بوون و زۆربەیان شەڕ و شۆڕیان نەبینیبوو.

٤- نابەرابەری هێزەکانی دەوڵەتی ئێران و سوپای کۆمار،چ لە ڕووی ژمارە و چ لە ڕووی چەک‌وچۆڵ و کەرەسەی جەنگی و خۆراکیشەوە سوپای ئێران لەپێشتر بوو و سوپای دەوڵەتێک بوو خاوەنی تاقی‌کردنەوە و مەشقی سەربازی و دیسپلین و خاوەن ئەفسەر و فەرماندەی بەتوانا و پلانی جەنگی بوو..

٥-بەرگری نەکردن لە کۆمار و خۆدانە دەست ئەمری واقیع لە لایەن لەشکری کومار و نەبوونی بڕیار و ئەزموجەزمی شەڕ تا دوا تنۆکی خوێن و زیاتر پشت‌ئەستوور بوون بە وادە و بەڵێنەکانی دەرەوە(سۆڤیەت و هەندێکی قەوام و دەوڵەتەکەی).

٦- زۆربەی سوپای کۆمار سوارە بوون تەنیا بارزانیەکان نەبێ کە پیادەبوون، چەکی پێشکەوتوویان پێ نەبوو یاخود پێنەدرا بوو کە بەرگری پێ لە خۆ بکەن و چەکەکان زیاتر چەکی تەقلیدی بوون..

٧- زۆربەی زۆری کوردستان لە دەستی کۆماردا نەبوو، تەنها ١/٣ی کوردستانی ئێران لە دەستی کۆماردا بوو، بەشی خوارووی کوردستان لە سەقزەوە بەرەو خوارتر تا کرماشان لە دەستی دەوڵەتی ناوەندی‌دا بوو، بۆیە بڕیاری

سەرکردایەتی کۆمار و حیزبی دیموکرات ئەوە بوو کە ناوچەکانی سنە و کرماشانیش رزگار بکەن، چونکە حکومەتی ئێران ئەو مۆڵگە و پێگە سەربازیانەی لە بەرژەوەندی خۆیدا قۆستبۆوە و لەوێوە هێرش و پەلاماری دەهێنایە سەر کوردستانی ئازاد.

بەڵام لاوازی و ناتەبایی ناوخۆ و سیاسەتی هاوپەیمانەکان، یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا و بەریتانیا بوو بە ڕێگر لە بەردەم ئازاد کردنی ئەو بەشانەی‌تر کە دوایی هەندێک لەم ڕووەوە ئەدوێین.

٨-ئەمە و چەندین هۆکاری‌تر لەوانە دواکەوتوویی کۆمەڵی کوردەواری لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هوشیاری و لاوازی باری ناوخۆی حیزبی دیموکرات کە لە کۆمارەکەشا ڕەنگی دابۆوە، نەبوونی یەکێتی فیکری و سیاسی و کادیری لێهاتوو و کارامە، بێ سەروبەرەیی و ناتەبایی و ناکۆکی لە نێوان بەرپرسان بەتایبەت سەرۆک هۆزەکان و... هتد.

ب - هۆکاری دەرەکی:

١- ڕووخانی کۆماری ئازەربایجان کە هەر زوو ئاشبەتاڵیان لێ‌کرد و ڕێبەرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بۆ یەکێتی سۆڤیەت رایان کرد، یەکێک لە هۆیەکانی رووخان و تێکچوونی کۆماری کوردستان بوو، چونکە ئەو کۆمارە یەکەم هاوپەیمان بوو لەگەڵ کوردستان کە ڕێکەوتننامەیان لە نێواندا هەبوو و هەل و مەرجی دروست بوون و پشتیوانی دەرەوەیان یەک بوو، بۆیە کاریگەری زۆری لەسەر خەڵکی کوردستان و دابەزاندنیان هەبوو سەرەنجام بەرەوئاشبەتاڵی بردن.

٢-هۆکاری هەرە سەرەکی رووخانی کۆماری کوردستان-وەک هەموو شۆڕش و راپەڕینەکانی‌تر- هۆکاری دەرەکی پەیوەست بە دەوڵەتە ئیمپریالیست و زلهێزەکان بوو، کەلە دەسەڵاتی حیزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان بە گشتی بەدەر بوو.

گومان لەوەدانی‌یە کەیەکیتی سۆڤیەت رۆڵێکی گرنگیان لەهاندانی کوردەکانی‌ئێران‌دا هەبوو بۆ پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و بەڵێنی پشتگیری و پاڵپشتی‌کردنیان پێ‌دان و پاشانیش لەبەرامبەر تەماحی نەوت (کە شوکر دوایی دەستیشی نەکەوت!) بەتاقی تەنیا بەجێیان هێشتن و دەوڵەتی ئێران توانی بە ئاسانی لە ناویان بەرێت و کۆمارەکەیان برووخێنێ بۆیە دەتوانین بڵێین کە پیلانێکی نێودەوڵەتی بوو.

لە لایەک دەوڵەتەئیمپریالیزمەکانی ئەمریکا و ئینگلیز زۆر بە توندی و جددییەوە پشتیوانیان لە دەوڵەتی ئێران دەکرد و دژی بەرەوپێش‌چوونی بزاڤی رزگاریخوازی بوون لە کوردستان و لەهەموو ئێران و بەڵکو لە ناوچەکەش، دروست‌بوونی کۆماری کوردستانیشیان دژبە بەرژەوەندی خۆیان‌لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست دەزانی بە تایبەت مەسەلەی نەوت بۆ ئەوان زۆر گرنگ بوو کە نەوتی کەرکووکیش لە کوردستانی عێراق دەچووە گیرفانی ئینگلیز و ئەمریکاش بە هەمان شێوە ترسیان لەوە هەبوو کە ئەم کۆمارە کوردی‌یە ببێتە نموونەیەک بۆ کوردەکانی عێراق و بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکانیان بکەوێتە مەترسی‌یەوە، دیارە ئەمە بە نیسبەت کوردستانی تورکیاش هەر ڕاست بوو، لە بەرامبەر ئەو یارمەتی و پشتیوانیەی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ ئێران، سۆڤیەتیەکان-وەک لێیان چاوەڕوان دەکرا- پشتیوانیان لە کۆماری کوردستان نەکرد.

بۆ پشتیوانی جددی لە ئێران باڵیۆزی ئەمریکا(جۆرج ئالێن) لەگەڵ ڕەزم ئارا بۆ بەڕێوەبردنی شەڕ دژی بارزانیەکان هاتبوو بۆ کوردستان و باڵیۆزخانەکەشیان پێوەندی نزیکیان لەگەڵ زۆر سەرۆک عەشیرەتی کورد دامەزراند بوو(چل ساڵ خەبات، قاسملۆ ل ١٥٣-سەرچاوەی پێشوو). ڕۆژنامەی (ئازادی) کە لەو کاتەدا لە بەغدا بە زمانی کوردی دەردەچوو لەبارەی پشتگیری کردنی ئەمریکا و ئینگلیز لە دادگایی کردنی قازی محەممەددا، نووسیبووی:

«ئیستیعماری ئینگلیز و ئەمریکا لە بوونی قازی محەممەد و هاوڕێکانیدا دوژمنی هەرەسەرسەختی خۆیان دەدی، ئومێدیان هەبوو کە بەچۆکیاندا بێنن و لە بەندیخانەشدا نوێنەریان چوون لەگەڵیان دوان بۆ ئەوەی بتوانن بۆ لای خۆیان ڕایان بکێشن، بەڵام هیچ کات سەرکەوتوو نەبوون ...»(جەلیل گادانی/ ڕۆژنامەی کوردستان/ ژ٣٠٧).

دواتریش ڕۆژنامەی (ئازەربایجان) لە باکۆ نووسیبووی قازی محەممەد بە نوێنەری ئەمریکا(جۆرج ئالێن)ی وتبوو، گەلی کورد چاوەڕوانی هیچ چاکەیەکی لە وڵاتی ئیستیعماری نی‌یە»(هەمان سەرچاوە).

هەروەها د.قاسملۆ دەڵێ:

«... لە ئاکامدا پاش پێ‌داگرتنی ئەمریکی‌یەکان کە پێیان خۆش بوو ئیسپات بکەن کەسێک دژی سیاسەتی ئەمریکا بجووڵێتەوە و لەوەش زیاتر لەگەڵ یەکیتی سۆڤیێتی دۆستایەتی بکات لە قامووسی ئەواندا سزای هەر کوشتنە...»(چل ساڵ ... هەمان سەرچاوە ل١٢٢).

بەڵێ قازی و هاوڕێکانی باجی دۆستایەتی‌یان لەگەڵ سۆڤیەتەکاندا داو ئەمەش هەڵوێستی سۆڤیەت بوو بەرامبەریان!!

بەڕاستی شۆڕشگێڕانی ئۆکتۆبەر وەرەقەی کوردیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و فراوانخوازی دەسەڵاتیان بەکارهێنا، گرنگی‌دانیشیان لە سەرەتاوە بە کێشەی کورد و کۆماری مەهاباد هەر لەو ڕووەوە بوو، بەڵام کەزانیان ئیتر قازانجی زیاتر لە شوێنی‌تره و کوردستان بیری ئەوانی تیادا سەوز نابێت فرۆشتیان و پشتیان تێ‌کرد.

شای ئێران لە یادداشتەکانی خۆیدا ئەوەی تۆمار کردووە کە خودی ستالین لەمێژ بوو پلانی دارشتبوو بۆ کۆتایی هێنان بە کۆماری مەهاباد و ڕووخاندنی(بڕوانە کتێبی القضیه الکردیه و الموءمرات الدولیه/عمر عبدالعزیز ل٦٢).

زۆریش لە هاوچەرخانی قازی محەممەد باسیان لەوە کردووە کە ناوبراو لە کاتی گیرانی‌دا و لە زیندانا جەختی لەسەر فرت و فێڵ و پلانەکانی سۆڤیەت کردۆتەوە و پەشیمانی خۆی دەربڕیوە کە متمانە و باوەڕی خۆی پێداون و وتوویە ئێمەیان فریو دا و با گەلی کورد فریوی ئەوان نەخوات و چەک دانەنێ و بۆ ڕزگاری و ئازاد بوون خەباتی خۆی درێژە پێ‌بدات.

ئەگەر ڕووسەکان ڕاستیان کردبایە تا سەر پشتی کۆماری کوردستانیان دەگرت و لە ڕووی سیاسی و سەربازی‌یەوە ڕێنمایی‌یان دەکرد، بەڵام ئەوان ئیتر بڕیاری خۆیان دابوو و ئیشیان پێ‌ی نەمابوو، تەنانەت ڕێگرییان لە هەنگاوە ئیجابیەکانی کۆماریش دەکرد، بۆ نموونە کاتێک سوپای کۆمار لە دوای شەڕی (مامەشا) ویستی هێرش بکاتە سەر هێزەکانی ئێران لە ناوچەی سەقز، کەهەم ورەیان بەهێز و ژمارەشیان زۆر بوو، هیوادار بوون کە سنەش ڕزگار بکەن، کەچی ڕووسە کۆمۆنیستەکان نەیانهێشت بەرەو ئەو سەرکەوتنە بڕۆن، ئەوە بوو ڕۆژی ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٢٥ی هەتاوی(٢٠ی حوزەیرانی ١٩٤٦ز) هاشمۆف قونسوول(نوێنەر)ی ڕووس لە ورمێ لە گوندی (سەرا) چاوی بە قازی محەممەد

کەوت و داوای لێ‌کرد کە هێرش نەکاتە سەر سوپای ئێران و سۆڤیەت ئەم شەڕەی پێ باش نی‌یە و ئیتر سوپای سۆڤیەت ناتوانێ یارمەتی هێزی کۆمار بدات، کە ئەم بڕیار و پێشهاتە نوێ‌یەش کاریگەری زۆری لەسەر چارەنووس و دوارۆژی کۆمار دانا.

قازی محەممەدیش وای دەزانی کە هەرگیز ستالین و باقرۆف پشتی بەرنادەن و بەڵێنەکانیان دەبەنەسەر و ئەو وادە و بەڵێنانەی لە کاتی گفتوگۆکاندا و لە دەمی چاوپێکەتنەکاندا بە قازی و کۆماریان داوە، پێیانەوە پابەند دەبن و یارمەتی ئەدەن، ئەمەش بۆخۆی کەم ئەزموونی و تێنەگەیشتنی ئەویانی لە پێوەرەکانی سیاسەت دەگەیاند کە تەنها لە سەربنەمای بەرژەوەندی هەمیشەیی دەڕوات(ئێستاشی لەگەڵا بێت!).

ئیتر ئەوە بوو بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری وای خواست و شۆڕەوی خاوەن جەمسەر(!!) و پشت‌وپەنای جوتیار و کرێکار و چینی چەوساوە(!!) لەگەڵ ئێران رێککەوت و بڕیاری کشانەوە لەو وڵاتە و وازهێنان لە کۆماری کوردستان و (ئازەربایجانیشی)دا و لە مانگی نۆڤەمبەری ١٩٤٦ز سوپای سوور لە ئێران دەرچوو، دوابەدوای ئەم کشانەوەیە لەشکری ئێران بەناوی هەڵبژاردنی ئازادەوە بەرەو کوردستان و ئازەربایجان کەوتە رێ، گوایە تا سوپا لەو دوو ناوچەیە جێگیر نەبێ هەڵبژاردن بە ئازادی ئەنجام نادرێ، بەڵێ سوپای ئێران هات و سۆڤیەتیش نەیانهێشت پەلاماری بدرێت و ئەمریکاش پشتگیری لە هاتنەکەی کرد، ئەمریکا لەسەر زاری باڵیۆزی خۆی لە تاران(جۆرج ئالین)بەم شێوەیە پشتیوانی خۆی بۆ قەوام دەربڕی:

« ئەوەکە دەوڵەتی ئێران ڕایگەیاندووە کە دەیەوێت هێزی ئەمنیەتی بۆ هەموو بەشەکانی ئێران بنێرێ ... بڕیارێکی تەبیعی و بەجێیە» (چل ساڵ خەبات /سەرچاوەی پێشوو/ ل١٠٥).

نوێنەری سۆڤیەتیش لە نەتەوە یەکگرتووەکان- کە نووسەر ئاماژەی پێدا- ئەو مەسەلەیەی بە مەسەلەیەکی ناوخۆیی ئێران لە قەڵەم داو گوایە ئەوانیش مافی دەست وەردان لە کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتانیان نی یە!!

وەک بڵێی دەستیان لە کێشەی هیچ وڵاتێکی تر و کاروباری هیچ دەوڵەتێکی تر وەرنەدابێت، وەک بڵێی دەیان ساڵ دەستیان نەخستبێتە ناو ئەفغانستانەوە و تورکستانی ڕۆژئاوایان وێران نەکردبێت و دەیان کێشە و کارە ساتیان نەنابێتەوە لە چەندین وڵات و لە ناو چەندەها گەلی هەژار و بێدەرەتان لە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا هەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە تا ئێستا!!؟

مەگەر هەر لە سۆڤیەت و لە بەشی کوردستانی ئەوێدا چییان نەکرد بە کوردەکان و بەسەر ئەرمینیا و ئازەربایجاندا بەشیان نەکردن و چەندەهایان ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجەدان و بێبەش کردن لە مافی ڕۆشنبیری و سیاسی و ...هتد نەبوونەوە لە سەر دەستی ستالین و دەسەڵاتدارانیتری سۆڤیەت(ڕووسیا) و گۆڕی بەکۆمەڵیان بۆ دروست نەکردن...؟!

بەهەر حاڵ ئەم ئەزموونەش(کۆماری کوردستان) بە پیلانێکی نەگریسی نێو دەوڵەتی لەنێو چوو و زیندە بەچاڵ کرا؛ ئەبوایە کۆماری کوردستان زیاتر پشتی بە فاکتەری ناوەکی و هێزی پێشمەرگە ببەستایە و بەرگری لە خۆی کردبا ئەنجامەکەی هەرچی بووایە و چاوەڕوانی هێزی دەرەکی و وادە و بەڵێنە فریودەرەکانیان نەبوایە، بەڵام ئەمە مێژووە و ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا و ئێستا پێویستە کورد وانەی هوشیاری لێ وەربگرێت و هەڵەکان دووبارە نەکاتەوە ..

بۆ ئەم لاباسە سوودم وەرگرتووە لە:

١- کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، ولید حمـدی/وەرگێـڕانی محەممەد نوری تۆفیق/بەشی سێیەم

٢- چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی/عبدالرحمن قاسملو

٣- کردها ویک بررسی تاریخی و سیاسی/ حسن ارفع

٤- ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە/٣٠٧/خاکەلێوەی ١٣٨٠

٥- القضیه الکردیه والموامرات الدولیه/عمر عبدالعزیز هورامانی/١٩٩٣ز

٦- چەند وردە سەرچاوەیەکی تر. (وەرگێڕ)

سەرچاوە و بەڵگەنامەکان

١- کژ راهه،

خاطراتی از تاریخ حزب توده، نوشته احسان طبری، انتشارات امیرکبیر سال ١٣٦٦.

٢- کمیسیون انتشارات و تبلیغات حزب دمکرات کردستان ایران

پیامهای کنگره ششم حزب دمکرات کردستان ایران، بهمن‌ماه ١٣٦٢/کمیسیون انتشارات و تبلیغات حزب دمکرات کردستان ایران (بی‌جا): حزب دمکرات کردستان ایران/١٣٦٣.

٣- قاسملو، عبدالرحمن

چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، عبدالرحمن قاسملو(بێ‌شوێن) حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران/١٣٦٤.

٤- کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(بێ‌شوێن)/ کمیته مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران/آذر١٣۶۴.

٥- کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

ئۆرگانی کۆمیسیۆنی سیاسی-نیزامی(ح.د.ک.ئـ) نشریەی ژمارە/٧،ساڵی ١٣٦٥.

٦- کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
ئۆرگانی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی (ح.د.ک.ئا) نشریەی ژمارە: ٦(بێ شوێن)،شەهریوەری ١٣٦٥.
٧- کمیته مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران
کوردستان نشریه ژمارە: ٩٨(کردستان نشریەی شماره٩٨)(بی جا): کمیته مرکزی حزب دمکرات، شهریور١٣٦٣.
٨- به قلم یکی از قضات حزب دمکرات
سیر بخش قضایی حزب دمکرات کردستان ایران/ به قلم یکی ازقضات حزب دمکرات(بی جا، بی نا، بی تا).
٩- کمیسیون انتشارات و تبلیغات کمیته مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران
جنگ در کردستان شماره٤(نتیجه جنگ در کردستان در ماههای مهر،آبان، آذر١٣٦٣) / (بی جا): کمیته مرکزی حزب دمکرات،١٣٦٣.
١٠- دفتر سیاسی پاسداران انقلاب اسلامی
کردستان، امپریالیزم و گروههای وابسته، نشریه شماره١/ دفترسیاسی سپاه پاسداران انقلاب اسلامی-(بی جا،بی نا،بی تا).
١١- یادداشتهای عمر علیار پیرامون اوضاع مهاباد در سالهای ١٣٢٠تا١٣٢٦.
شایانی وەبیر هێنانەوەیە کە سەرچاوەکانی سەرەوە لە کتێبخانەی پارێزگای کوردستان دەست دەکەون.

شوێنەکان

شوێنەکان

ئ

ئازەربایجان ١٥-٢٧-٢٨-٣١-٣٣-٤٢
٤٣-٤٤-٤٧-٥٣-٥٥-٦٣
٧٠-٧١-٧٣-٧٥-٧٧-٨٠
٨٢-٨٤-٨٥

ئەرمینیا ٨٥

ئەمریکا ٤٧-٧٤-٨٠-٨١-٨٢-٨٤

ئێراق ٢٧

ئێران ٨-١٥-١٦-٢٦-٢٧-٢٩
٣١-٣٢-٣٤-٤٤-٤٦-٤٧
٤٨-٥٣-٥٤-٥٥-٦٠-٦٣
٦٤-٦٧-٧٠-٧١-٧٢-٧٤
٧٦-٧٧-٧٩-٨١-٨٣-٨٤
٨٥-٨٩-٩٠

ئیلام ٦٣

ئینگلیز ٣٣-٤٧-٥٤-٧٤-٨١-٨٢

الف

ارس ٣١-٧٢

ب

باکو ٤١-٤٣

بورهان ٤٨

بۆکان ٤٨

بەریتانیا ٨٠-٨١-٨٦

بەغدا ٨٢

بەیروت ٣٥

پ

پاریس ٣٥

ت

تاران ١١-٧٥-٧٦-٨٤

تورکیا ٢٧-٢٨-٣٥-٦٧-٨١

تەورێز ٢٨-٦٥

چ

چاڵدێران ٣٢-٦٧

چوارچرا، مەیدان ٥٠-٧٢

ح

حەمامیان ٤٨

د

دیاربەکر ٢٧

ر

ڕووس ٤٥-٨٣-٨٥

ڕووسیا ٢٩-٤١-٤٢

س

سلێمانی ٨-٢٧-٢٨-٣٤-٥٦

سنە ٢٧-٦٣-٦٦-٨٠

سوریا ٦٧

سۆڤیەت ٢٨-٢٩-٤١-٤٢-٤٣-٤٦
٤٧-٥٠-٥٣-٥٤-٥٥-٥٦
٦٤-٦٧-٧٠-٧١-٧٥-٧٦
٧٧-٧٩-٨٠-٨١-٨٢-٨٣
٨٤-٨٥

سەرا ٨٣

سەقز ٢٧-٧٩-٨٣

ش

شۆرەوی ٢٩-٤٧-٦٤-٧٠-٧٥-٨٤

ع

عوسمانی، دەوڵەت ٧-٥٦-٦٧

عێراق ٩-٣٣-٣٤-٣٥-٥٦-٦٧
٦٨-٦٩-٧٩-٨١

ک

کرماشان ٢٧-٦٣-٧٩-٨٠

کوردستان ٨-٩-١١-١٥-١٦-١٩
٢٠-٢١-٢٥-٢٦-٢٧-٣١
٣٤-٣٥-٤٢-٤٣-٤٤-٤٥
٤٦-٤٧-٥٣-٥٤-٥٦-٥٩
٦٢-٦٣-٦٦-٦٧-٦٨-٦٩
٧٠-٧١-٧٢-٧٣-٧٤-٧٥
٧٧-٧٨-٧٩-٨١-٨٢-٨٣
٨٤-٨٥-٨٦-٩٠

کولیجە ٤٨

کەرکوک ٦٣

ل

لۆزان، پەیمان ٧

م

ماکۆ ٦٧

مامەشا ٨٣

مۆسکۆ ٤٦-٧٦

موکریان ٣٣

مەهاباد ٨-٩-١١-١٥-١٧-١٩
٢٠-٢١-٢٦-٢٧-٢٨-٢٩
٣١-٣٢-٣٣-٣٤-٣٦-٣٧
٤٢-٤٣-٤٥-٤٦-٤٧-٤٨
٤٩-٥٠-٥٣-٥٥-٥٦-٥٩
٦٣-٦٤-٦٥-٦٦-٦٨-٦٩
٧١-٧٢-٧٤-٧٥-٧٦-٧٨
٨١-٨٣

میاندواو ٧٣

و

ورمێ ٧٦-٨٣

ه

هەولێر ١٠-٦٣

ناوەکان

وێنەکانی ئەم کتێبە، کۆکراوەیچاپە مەنی تەوەکولی یە

ناوەکان

ئ

ئاتاکشیۆف، ژەنەڕاڵ سەلیم
٤١-٤٢-٧٦

ئاندره گرۆمیکۆ ٥٥

ئەحمەدەین، کەریم ٤٦

ئەرفەع، حەسەن ٦٢-٦٥

ئەمیر عەشایەر، مام عەزیز ٤٨

ئەنگلتۆن، ویلیام ٤٥-٥٥-٦٤-٦٨
٧١-٧٢-٧٦-٧٧

ئیبراهیم، کوڕی عەلی ئاغای عەلی‌یار ٤٧

ئیلاهی، مام ئەحمەد ٣٧-٤٦

ئیلخانی‌زادە، ئیسماعیل ٤٦

ئیلخانی‌زادە، مەحموود ئاغا ٤٨

ئیمامی، عبدالرحمن ٦٩

ئەییوبیان، محەممەد ٧٢

الف

ارفع، حسن ٨٦

امیرکبیر ٨٩

ب

بارزانی، مەلا مەستەفا ٧٣

باقرۆف، میر جەعفەر ٤٢
٧١-٧٥-٧٦-٨٤

بایزید ئاغا عەزیزی گەورک ٧٠

پ

پەسیان، نەجەفقولی ٣١-٧٢

پیشەوەری ٥٣

ت

تاڵب، دکتۆر ١١

تەوەکولی، ڕەئوف ٣١

تروی سەیید تەها ٧٠

تەبەری، ئیحسان ٧٥

ج
جۆرج ئالێن ٨٢-٨٤
جەعفەری، سەیید قادر ٦٦
جەلائیپور، حەمیدڕەزا ١٠-١١
ح
حاجی باباشێخ ٤٦-٧٣
حمدی، ولید ٨٦
حەسەن تیلکۆ شکاک ٧٠
حەسەن عومەری شکاک ٧٠
حەیدەری، سەدیق ٤٦-٦٩
خ
خوسرەوی، خەلیل ٤٦
خیابانی، شێخ محەممەد ٦٥
د
داودی، حاجی مەستەفا ٤٦
داودی، مەلا عەبدوڵڵا ناسراو بە مەلا حەجۆکی ٦٩
ر
ڕەسولی، دڵشاد ٧٠
ڕەسولی، عەبدولڕەحمان ٧٠
ڕەشید بەگی هەرەکی ٧٠
ڕەفیق حیلمی ٦٩
ڕیباڵ چینکۆ ٦٦
ریحانی، عەلی ٧٠
ز
زەبیحی، عبدالرحمن ٦٩
زێرۆ بەگی هەرەکی ٧٠
س
ساد چیکۆڤ ٧٧
سالار، کوڕی میرزا فەتتاحی قازی ٦٥
ساڵحی، کیومەرس ٧٤
ستالین ٤٦-٧١-٧٦-٨٤-٨٥
سوڵتان سەلیمی عوسمانی ٦٧
سوڵتان مورادی عوسمانی ٦٧
سەدری قازی ٤٩-٥٠
سەرتیپ شکاک ٧٠
سەلاحەدین کازمئۆڤ، کاک ئاغا ٧٦
سەمەدی، محەممەد ٣٤-٣٦ ٣٧-٦٤-٦٨-٦٩
سەیفی قازی، محەممەد حوسێن ٤٦-٤٩-٧٠-٧٣

سەییدیان ٦٤
ش
شائیسماعیلی سەفەوی ٦٧
شاعەبباس ٦٧
شافێعی، میرزا ڕەحمەت ٣٢
شێخ سەعیدی پیران ٨
شێخ مەحموود ٨-٩
ض
ضرغامی، سەرهەنگ نجات‌الله ٥٠
ط
طبری، احسان ٧٩
ع
عەبدوڵڵای قادری مامەش ٧٠
عەلی‌یار، عومەر ٩٠-٧٥-٧١-٤٧
عەلی‌یار، عەلی ئاغا ٧١-٧٠-٤٨
غ
غەفاری، سەرهەنگ عەلی ئەکبەر٤٨
ف
فارۆقی فەیزوڵڵابەگی، ئەحمەدخان
٧٠
فروهەر، حوسێن ٦٩
فرەوشی ٦٦
فوزی، مەلا ئەحمەد ٣٤
ق
قادری، قاسم ٣٧
قادری مامەش، کاک هەمزە ٧٠
قازی عەلی ٦٥-٦٤
قازی قاسم ٦٤
قازی محەممەد ١٦-١٥-١٠-٩-٨
٢٦-٢٢-٢١-٢٠-١٩-١٧
٣٤-٣٣-٣٢-٣١-٢٩-٢٨
٤٣-٤٢-٤١-٣٧-٣٦-٣٥
٤٩-٤٨-٤٧-٤٦-٤٥-٤٤
٥٩-٥٦-٥٥-٥٤-٥٣-٥٠
٧٢-٧١-٧٠-٦٦-٦٥-٦٤
٨٤-٨٣-٨٢-٧٥-٧٤-٧٣
قاسملو، عبدولڕەحمان ٦٣-٦٢-٥٩
٨٦-٨٢-٧١-٦٥
قویطاس مامەدی شکاک ٧٠
قەوام سەڵتەنە، ئەحمەد ٤٧-٤٦
٧٧-٧٥-٧٤-٥٥-٥٤-٤٩
٨٤-٧٩
ک
کازمئۆف ٤٧
کەماڵ مەزهەر، دکتۆر ٦١

کەریمی، مناف ٧٠-٤٦

کەیانی، عبدالرحمن ٦٩

گ

گادانی، جەلیل ٨٣-٦٩-٦٦-٦٤-٥٩

م

محەممەئ ئاغا وسوق قاسملو ٧٠

محەممەد ئەمین‌بەگی فەیزوڵڵابەگی ٧٠

محەممەدڕەزاشا ٥٤

محەممەد، کوڕی میرزا فەتتاحی قازی ٦٥

محەممەد نوری تۆفیق ٨٦

ملک‌الشعرای بهار ٦٦

مودەڕڕسی، مەلا قادر ٣٦-٣١ ٦٩-٦٦-٣٧

موعینی، محەممەدئەمین ٤٦

موکری، ئەمیر ٧٠

مۆلۆتۆڤ ٧٦

موهتەدی حاجی ڕەحمان‌ئاغا ٤٦

موهتەدی، قاسم ٧٠

مەجدی، مەلا حوسێن ٧٢

مەجیدخان ٧٠

مەحموود جەودەت ٦٩

میرحاج ئەحمەد ٦٩

میرزا فەتاحی قازی ٦٥

ن

نانەوازادە، محەممەد ٦٩

نوری‌بەگی هەرەوکی ٧٠

نەوزەری مەنگوڕ، عەلی‌خان ٧٠

نیکیتین ٦٦

و

وەرتی، ئەحمەد ١٠

وەلی‌زادە، مەحموود ٤٦

ە

هورامانی، عمرعبدالعزیز ٨٦

هاشمۆڤ ٨٣

هومایونی، سەرتیپ ٤٨-٤٦ ٧٣-٦٦-٤٩

هەمزە نالوسی مامەش ٧٠

ی

یاسەمی، ڕەشید ٦٠

یاهوو، محەممەد ٦٩

یەرماکۆڤ ٧٢

حاجی بابەشێخ

ستالین

شای ئێران فەرمانی کوشتنی قازی ئیمرا کرد

سەدری قازی   قازی محەممەد   سەیفی قازی

دانیشتوو: قازی محەمەد. ریزی یەکەم لە ڕاستەوە ١)حاجی مستەفای داودی ٢)خەلیلی خوسرەوی ٣) ئەحمەدی ئیلاهی ٤) محەمەدە مینی موعینی ٥) وەهابی بلووریان ٦)ڕەحمانی ئیلخانی‌زادە ٧)کەریمی ئەحمەدەین ٨) عەلی ریحانی.

... ... هەمە لە ڕاستەوە ١) زەبیحی ٢) حوسەینی فرووهەر ٣) سەید محەمەدی



حەسەنی قزلجی، نووری ئەحمەد تەها ، زەبیحی

قوام السلطنه سەرۆک وەزیرانی ئیران

مەلا مستەفا بارزانی

سەرلەشکر هومایوونی

سێ ڕۆژ نان و نمەکی قازی خوارد و نمەک بە حەرام دەرچوو

ژەنرال بارزانی

هەژار و زەبیحی - سەردەمی کۆمەڵەی ژ.ک کاتی دەرکردنی گۆڤاری نیشتمان - تەوریز